# کۆنگرەی چوارەم
# پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆی
# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئامادەکردنی لیژنەی باڵای پەیڕەوی ناوخۆ

(دیسەمبەر/کانونی یەکەم ٢٠١٩)

# پێڕستی ناوەرۆك


| بەش | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| سەرەتا | هۆکارە ئەرێنییەکانی دەرکردنی ئەم پەیڕەوە | ٤-٥ |
| بەشی یەکەم | بنەما گشتییەکان | |
| | بنەما گشتییەکان | ٦-٧ |
| بەشی دووەم | ئەندام، سزادان و پاداشتکردن، کادیر | |
| | ئەندامیەتی | ٨ |
| | مەرجەکانی ئەندام | ٨ |
| | مافەکانی ئەندام | ٨ |
| | ئەرکەکانی ئەندام | ٩ |
| | لەدەستدانی ئەندامێتی و سزادان | ٩ |
| | سزادان و پاداشتکردن | ٩-١١ |
| | کادیر | ١١ |
| بەشی سێیەم | کۆنگرە، کۆنگرەی نائاسایی، پلینوم | |
| | کۆنگرە | ١٢-١٣ |
| | ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرە | ١٣ |
| | کۆنگرەی نائاسایی | ١٣-١٤ |
| | کۆبوونەوەی فراوان (پلینوم) | ١٤ |
| بەشی چوارەم | ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی | |
| | پێکهاتەی ئەنجومەن | ١٥ |
| | مەرجەکانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی | ١٥ |
| | ئەرك و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی | ١٦-١٨ |
| | هەڵبژاردنی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیو ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی | ١٨-١٩ |
| | پێکهاتەی دەستەی سەرۆکایەتی | ١٩ |
| بەشی پێنجەم | سەرۆکی/سکرتێری حزب، دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕانی ناوەندەکان) | |
| | سەرۆکی/ سکرتێری حزب، ئەرکو دەسەڵات و مەرجەکانی | ٢٠-٢١ |
| | ئەرکو دەسەڵات و مەرجەکانی دەستەی سەرۆکایەتی | ٢١-٢٢ |
| بەشی شەشەم | دەستەی جێبەجێکار، ئەرك و دەسەڵاتەکان | |
| | دەستەی جێبەجێکار | ٢٣ |
| | ئەرك و دەسەڵاتەکانی دەستەی جێبەجێکار | ٢٣-٢٤ |

**بەشی حەوتەم**

| | |
|---|---|
| دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)، دەستەی بالآ | |
| دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) | ٢٥ |
| دەستەی بالآ (پێکهاتە و ئەرك و دەسەڵاتەکان) | ٢٦ |

**بەشی هەشتەم**

| | |
|---|---|
| ناوەندەکانی کاروبار، سەرکردایەتی هەرێمەکان | |
| ناوەندەکانی کاروبار، ئەرك و دەسەڵاتەکان | ٢٨-٢٧ |
| ناوەندی کاروباری رێکخستن و سەرکردایەتی هەرێمەکان | ٢٩-٢٨ |
| سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) | ٣٠-٢٩ |
| ناوەندی کاروباری دیراسات و توێژینەوە ستراتیژی | ٣١ |
| ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان | ٣١ |
| ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی | ٣٢ |
| ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن | ٣٣-٣٢ |
| ناوەندی کاروباری راگەیاندن‌و میدیا | ٣٣ |
| ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) | ٣٤-٣٣ |
| ناوەندی کاروباری حکومەت‌و پەرلەمان | ٣٤ |
| ناوەندی کاروباری چاودێری دارایی | ٣٥-٣٤ |
| ناوەندی کاروباری یاسایی | ٣٦-٣٥ |

**بەشی نۆیەم**

| | |
|---|---|
| کۆڕبەندی سیاسیی نیشتمانی، حوکمە کۆتاییەکان | |
| کۆڕبەندی سیاسیی نیشتمانی (NPF) | ٣٧ |
| حوکمە کۆتاییەکان | ٣٨--٣٧ |

## سەرەتا
## هۆکارە ئەرێنییەکانی دەرکردنی ئەم پەیڕەوە

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە (١٩٧٥/٥/٢٥) بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی خەباتی نیشتمانی و نەتەوەیی و چینایەتی، لە دیمەشقی پایتەختی سوریا دامەزرا و لە (١٩٧٥/٦/١) یەکەم راگەیەندراوی دامەزراندنی خۆی بە شێوەیەکی فەرمی بڵاوکردەوە.

ئەرکی (ی.ن.ک) لەو کاتدا، درێژەپێدانی خەباتی رزگاری نیشتمانی بوو دوای شۆڕشی ئەیلول، بۆ ئەم مەبەستەش، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) ساڵی (١٩٧٦) یەکەم دەستە سەرەتاییەکانی خۆی لە کوردستان پێکهێنان و ئەرکی خەباتێکی سیاسی و پێشمەرگانەی پێ سپاردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی داگیرکاری رژێمی بەعس و دەوڵەتی عیراق.

ئەرکەکانی (ی.ن.ک) لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتاکان، بریتیی بوو لە گلدانەوە و بەهێزکردنی توانستی خەباتی پێشمەرگایەتی لە چوارچێوەی شۆڕشی نوێ و هەڵگیرسانی مەشخەڵاندا بۆ رێگرتن لە راگواستن و کاولکردن و گۆڕینی دیمۆگرافیای کوردستان و نەهێشتنی سیاسەتی سوتماکی خاك کە لە لایەن رژێمی بەغداوە پیادە دەکرا.

ئەرکەکانی (ی.ن.ک) لە رووەکانی رێکخراوەیی و پیشەیی و چینایەتی لە چوارچێوەی نیمچە بەرەیەکی سیاسی و پێشمەرگانەدا رێکخران کە پێکهاتبوون لە بزوتنەوە سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان (کە دواتر بوو بە یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان) و کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و رەوتی هێڵی گشتی.

لە قۆناغی خەباتی سیاسی و رێکخراوەیی و پێشمەرگانەی نیوەی دووەمی حەفتاکان و دەیەی هەشتاکان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کاری لەسەر یەکخستنی ریزەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوەیی کرد، بۆ ئەم مەبەستەش توانی لەگەڵ پارتە سیاسییە کوردستانییەکانی باشوری کوردستان بەرەیەکی کوردستانی پێك بێنن و پێکەوە بە گژ سیاسەتی داگیرکاری رژێمی عیراق (بەعس) بچنەوە.

ئامانجەکانی خەباتی سەردەمی شۆڕش، بریتی بوون لە یەکخستنی ریزی چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵك لە چوارچێوەی رێکخراوەکانی ناو یەکێتی لە پێناو ئامادەکردنی سەرزەمینی راپەڕینێکی جەماوەری و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی گەلی کوردستان بۆ رزگارکردنی خەڵك و خاکی کوردستان لەژێر دەستی دەوڵەتی ئەوسای عیراق.

دوای سەرهەڵدانی راپەڕینە مەزنەکەی کوردستان لە دەروازەی راپەڕینەوە (رانیە) و قەڵادزێ و بەهۆی یەکگرتنی هەردوو هێزی جەماوەری (میللی) و هێزی پێشمەرگە، توانرا کوردستان لە داگیرکاری سەربازی رژێم رزگار بکرێ و ئازادی بۆ گەلی کوردستان فەراهەم بکرێ، ئەم ئازادیە نوێیەی گەلی کوردستان پێویستی بە رێکخستنی کارگێڕی هەبوو لە چوارچێوەی فەرمانگەکان دەوڵەت، بۆیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی لە (١٩٩٢) یەکەمین هەڵبژاردن لە کوردستان کرا و یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێم لە لایەن (ی.ن.ك) پێکهات.

دوای سەرهەڵدانی قۆناغی دەوڵەتداری لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەرکەکانی (ی.ن.ك) چوونە قۆناغێکی دیکەی نوێ، بۆیە لە چوارچێوەی یەکەمین کۆنگرەی گشتی خۆیدا ساڵی (١٩٩٢)، بڕیار درا بە یەکگرتنی (کۆڕەك) و (ی.ش.ك) و هەڵبژاردنی سۆسیال دیموکرات وەك رەوت و هزرێکی نوێی سیاسی و رێکخراوەیی (ی.ن.ك)، هەر لەسەر ئەم بنچینەیە نوێیەش، ئەرکەکانی خەباتی قۆناغەکە دەستنیشان کران و (ی.ن.ك) کەوتە ژیانێکی سیاسی و پەیکەربەندییەکی نوێی جیاوازەوە.

لەسەرجەم قۆناغە جیاوازەکاندا، (ی.ن.ك) پێشەنگی خەبات و تێکۆشانی نیشتمانی و نەتەوایەتی و چینایەتی و رۆشنبیری وکەلتوری بووە، بۆیە ستراتیژی کاری سیاسی خۆی و رەهەندەکانی خەباتی لەسەر بناغەی پێداویستییە هەنووکەییەکانی قۆناغەکان داڕشتووە و ئەرکەکانیشی بەپێی خواستی سەردەمەکە دەستنیشان کردوون و لەرێی ئۆرگانە بنکەیی و باڵاکانەوە خەباتی بۆ کردوون.

پێکهاتە و پەیکەربەندی ئۆرگانی لە سەردەمی شۆڕش لە هەرێم و دواتر ناوەندییەکانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و سەرکردایەتی (ی.ن.ك) پێکهاتبوو کە دواتریش بەپێی خواستی قۆناغەکە هەرێمەکان بۆ تیپ و مەڵبەندەکان؛ جارێکی تر رێکخراونەتەوە،

بەڵام هەردوو ناوەندییەکانی کۆمەڵەو شـۆڕشـگێڕان، وەك دوو سـەرکردایەتی ڕێکخراوەیی جیاواز لەناو نیمچە بەرەی (ی.ن.ك) ماونەتەوە و بەپێی ڕێژە سەرکردایەتی یەکێتی لەو دوو ناوەندە پێکهاتوون کە سکرتێری گشتی سەرپەرشتی سەرکردایەتی ئەو نیمچە بەرەیەی کردووە.

دوای تێکەڵبوونەوەی کۆمەڵەو شـۆڕشـگێڕان لەژێر ناوی (ی.ن.ك)ێکی سـۆسـیال دیموکرات و هەڵوەشـانەوەی پێکهاتەی نیمچە بەرەیی، پەیکەربەندی ئۆرگانی گۆڕانکاری بەسـەردا هات و هەردوو ناوەندییەکانی کۆمەڵە و شـۆڕشـگێڕان هەڵوەشـێندرانەوە و تەنیا کۆمیتەی سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) و سـکرتێری گشـتی مانەوە، لە خوارەوەش ناوچە جیاجیاکانی کوردسـتان دابەشـی سـەر مەڵبەندی ڕێکخستن و کۆمیتە و کەرتەکان کران.

ئێستاش، دوای ئەوەی ژیان لە نوێبوونەوەی بەردەوام دایە و هەر قۆناغە و کەرستە و پێداویستی خۆی هەیە، بۆیە لە کۆنگرەی چوار (٢٠١٩) بڕیار درا بەم پەیکەرە نوێیە لە قۆناغەکانی داهاتوودا درێژە بە کاری سـیاسـی و ڕێکخراوەیی خۆی بدات و شـان بەشانی جەماوەر گەشە بە کۆمەڵگەی کوردستانی بدات لەپێناو بەدیهێنانی دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ئازادییە گشتییەکان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

پەیکەربەندی نوێی (ی.ن.ك) کە لەم پەیڕەوەدا وەك فەلسـەفەی دابەشـکردنی ڕۆڵی ئۆرگانی خراوەتەڕوو، دابەشـی سـەر سێ دەسەڵاتی جیاواز و هاوسەنگ کراوە، وەك:

یەکەم: دەسەڵاتی چاودێری و ڕێسادانان بەناوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی،
دووەم: دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە پێکدێت لە دەستەی سەرۆکایەتی و دەستەی جێبەجێکار،
سێیەم: دەسەڵاتی دادی (تەحکیم) کە پێکدێت لە دەستەی پاراستنی قەوارەی (ی.ن.ك).

ئەم سێ دەسەڵاتە بەشێوەیەکی هاوسەنگ ڕۆڵەکانیان بەسەردا دابەش کراون و پێکەوە جەستە؛ یاخود پەیکەری ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك) پێکدێنن.

لەم پەیکەربەندییەدا، ئەنجومەنێکی سـەرکردایەتی گشـتی وەك پێکهاتەیەکی بناغەیی و سـیسـتەمێکی پەرلەمانی بۆ سـەرکردایەتی تێکەڵ خراوەتەڕوو لەسـەر بنچینەی دابەشـبوونی جوگرافی شـارەکان و بەپێی پێوەری هەڵبژاردنە گشـتییەکانی (٢٠١٤) کە ژمـارەی ئەنـدامـانی (١٢١) کەسـە و راسـتەوخۆ لە چوارچێوەی یەك بـازنەدا بە دەنگی ئەنـدامـانی کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.

دوای کۆتاییهاتنی کۆنگرە، تەواوی دەستەی سەرۆکایەتی و دەستەی جێبەجێکار و لێپرسراوی ناوەندەکانی کاروبار و لێپرسراوی مەکتەبەکان لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی و بەپێی ڕێکارە دیارکراوەکانی ئەم پەیڕەوە هەڵدەبژێردرێن.

لەسـەر ئاستی پارێزگاکانیش، ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) لەسـەر بنچینەی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگا و ئیدارە هاوشـێوەکان) داڕێژراوەتەوە و بنکە و وێسـتگە و ناوەندەکانی دەنگدان کراونەتە بنەمای ئۆرگانە بنکەییەکانی ڕێکخسـتن، هاوکاتیش بازنەکانی قەزا و ناحیەکانیش لەسـەر شـێوەی پەیکەربەندی مەڵبەندی پێشـووی ڕێکخسـتن و کۆمیتەکان داڕێژراونەتەوە.

شـێوەی کاری ئۆرگانی و پەیکەربەندی نوێی (ی.ن.ك) میتۆدێکی نوێی کاری حزبی و ڕێکخراوەییە لە کوردسـتان کە زەمینەی کاری پێکەوەیی و سـەرکردایەتی پێکەوەیی فەراهەم دەکات و ڕێ لە پاوانکردنی دەسـەڵات دەگرێت و ڕۆڵەکان بەشـێوەیەکی دیموکراسیانە و دادپەروەرانە لە نێوان ئەندامان دابەش دەکات و ماف و دەرفەت بۆ هەموو ئەندامێك دەڕەخسێنی بۆ گەیشتن بە لوتکەی دەسەڵاتی ئۆرگانی لە ناو (ی.ن.ك).

# بەشی یەکەم
# بنەماگشتییەکان

## بنەما گشتییەکان

### ماددەی (١)

**یەکەم:** ناو؛ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کورتکراوەکەی (ی.ن.ك)ـە.

**دووەم:** سنوری هەڵسوران‌و چالاکی؛ هەرێمی کوردستان، ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکانی دەرەوەی هەرێم، ناوچەکانی تری عێراقی فیدراڵ‌و دەرەوەی وڵات.

### ماددەی (٢)

**یەکەم:** یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان حزبێکی سۆسیال دیموکراتە، لەسەر بنەمای پێشکەوتنی شارستانی و هاونیشتمانیبوون، دوور لە وابەستەیی ئێل و هۆز و تیرگەری، بنەماڵەیی و ناوچەگەری؛ کاری سیاسی‌و ڕێکخراوەیی و پەیکەربەندی خۆی ڕێکدەخات و خەبات دەکات بۆ فەرمانڕەوایی دروست (الحكم الرشيد)، سەقامگیری ئاشتی، پتەوکردنی بەهاکانی ئازادی، دیموکراسی، هاوڵاتیبوون، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنوسین، بڕوای هەیە بە کلتوری یەکسانی‌و لێبوردەیی‌و پێکەوەژیان.

**دووەم:** دروشم، ئارم‌و سرود پێکدێن لە:

أ) دروشمەکان: ئاشتی، دیموکراسی، ئازادی، مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنوسین، دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

ب) ئارم: دەستێك گوڵی لالە (مێلاقە) چڵە زەیتون‌و گوڵە گەنمێکی بەرز کردۆتەوە.

ج) سرودی مەشخەڵان، سرودی فەرمی (ی.ن.ك)ـە.

### ماددەی (٣)

پەیڕەوی ناوخۆ؛ دەستوری کاری ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك)ـە، ئەندام‌و ئۆرگانەکانی، لە هەر پلەیەکدا بن، دەبێت پێوەی پابەند بن.

### ماددەی (٤)

لەهەموو ئۆرگانەکاندا، ڕێژەی ژن لانیکەم دەبێت لە (٢٥٪) سەدا بیست‌و پێنج کەمتر بێت.

### ماددەی (٥)

**یەکەم:** کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) ڕێژەی یاسایی (النصاب القانوني) وەردەگرێت بەئامادەبوونی زۆرینەی رەها (٥٠+١).

**دووەم:** جگە لەو ماددانەی کە دەنگدان بە دەقێکی دیاریکراو ڕێژەیەکی جیاوازی بۆ دیاریکراوە، لە ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) دا دەنگدان بە زۆرینەی سادەی دەنگەکان دەبێت.

### ماددەی (٦)

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەن کەسایەتی مەعنەوی خۆیەتی. لەبەردەم دامودەزگا حکومی و دادوەرییەکان (قضائي)و کەس و لایەنە ئاسایی و مەعنەوییەکاندا سەرۆك/سکرتێری حزب نوێنەرایەتی ئەو کەسایەتییە دەکات.

### ماددەی (٧)

**یەکەم:** یەکە ڕێکخراوەییەکانی (ی.ن.ك) لەم پلەبەندییە ئۆرگانیانەی خوارەوە پێکدێن:

أ) بازنەی کۆڵان: بریتییە لە یەکەی یەك کۆڵان یان چەند کۆڵانی گەڕەکێك لە ناو شار.

ب) بازنەی بلۆکبەند: بریتییە لە کۆمەڵبەندی چەند یەکەیەك لە بلۆکەکانی گەڕکێك لە ناو شار، هاوتەریبە لە گەڵ وێستگەی دەنگدان.

ج) بازنەی گەڕەك: بریتییە لە کۆکراوەی یەکەکانی کۆڵانو بلۆکەکانی گەڕەکێك لە ناوشار.
د) بازنەی شاربەند (کۆمیتە)؛ بریتییە لە دابەشبوونی شار بەسەر چوار کەرتی باکور، باشور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا کە ژمارەیەك لە بازنە و ناوەندەکانی دەنگدان، لە چوارچێوەی کۆمیتە؛ دەگرێتەخۆ.
ه) بازنەی دێ: بریتییە لە یەکەی گوند کە کۆی دەنگدەرانی لە (٣٠٠) کەس تێپەڕ نەکات.
و) بازنەی شارەدێ: بریتییە لە یەکەی شارەدێ کە ژمارەی دەنگدەران لە سەرووی (٣٠٠)ەوە بێت.
ز) بازنەی ناحیە (کۆمیتە)؛ بریتییە لە ئۆرگانی (ی.ن.ك) لەسەر ئاستی ناحیە.
ح) بازنەی دەڤەر (مەڵبەند)؛ بریتییە لە ئۆرگانی (ی.ن.ك) لەسەر ئاستی قەزا.
ط) ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێم (پارێزگا)؛ بریتییە لە ئۆرگانی باڵای پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان.
ي) ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی: بریتییە لە ئۆرگانی گشتی هەڵبژێردراوی کۆنگرە لە سەر بنچینەی بەرکەوتی جوگرافی.

**دووەم:** هەر ناحیەیەك ژمارەی دانیشتوانی بگاتە ئاستی ژمارەی دانیشتوانی قەزایەك، لە رووی ئۆرگانی و رێکخراوەییەوە هەمان ئاستی بازنەی دەڤەر (مەڵبەند)ـی پێ دەدرێ.

**سێیەم:** دەڤەری هەر قەزایەك ژمارەی دانیشتوانی لە (١٠) دە هەزار کەس کەمتر بێت، لە رووی ئۆرگانی و رێکخراوەییەوە هەمان ئاستی بازنەی ناحیە (کۆمیتە)ـی پێ دەدرێ.

**چوارەم:** سەرجەم ئۆرگانە بنکەییەکانی (ی.ن.ك) لەسەر بنچینەی پەیکەر و دابەشکاری وێستگە و بنکە و ناوەندەکانی دەنگدانی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردن رێکدەخرێن، هەر گۆڕانکارییەك لەو پەیکەربەندییە رووبدات، پێویستە ئۆرگانە بنکەییەکانی (ی.ن.ك)ـی لەگەڵ بگونجێندرێن.

## بەشی دووەم
## ئەندام، سزادان و پاداشتکردن، کادیر

### ئەندامیەتی

**ماددەی (٨)**

**یەکەم:** هەر هاوڵاتییەکی کوردستانو ناوچەکانی تری عیراقی فیدراڵو دەرەوەی وڵات، باوەڕی بە پرۆگرامو پەیڕەوی (ی.ن.ك) هەبێت، دەتوانێت ببێتە ئەندام.

**دووەم:** ڕێکخستنو ئەندامیەتی لەسەر بنچینەی جوگرافیو ناوەندی هەڵبژاردن دەبێت، هەر ئەندامێك لەکاتی گواستنەوە یان ئاڵوگۆڕی شوێنی نیشتەجێبوون، دەتوانێت لەسەر بنچینەی بنکەی دەنگدان، داوا لە ئۆرگانەکەی بکات بۆ گواستنەوە.

**سێیەم:** ئەگەر پێویستی کردو ژمارەی پێویست هەبوو؛ لەسەر ئاستی شار و قەزاکان، ئۆرگانی پیشەیی بۆ پیشە باڵاکان و پۆلیس و ئاسایش دروست دەکرێت.

### مەرجەکانی ئەندامیەتی

**ماددەی (٩)**

**یەکەم:** مەرجەکانی ئەندام:

أ) ئەندام تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.

ب) داوایەك بە نوسراو پێشکەش بکات، بە ئامادەبوونی خۆی؛ لە لایەن لێپرسراوی دەڤەرەوە (مەڵبەند) پەسند بکرێ.

ج) پاپەندی پەیڕەو بێتو بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرام تێبکۆشێت.

د) لەئۆرگانێکی (ی.ن.ك) چالاکی بنوێنێت.

ه) ناو و ناوبانگی باشبێت.

و) پەیوەندی بە هیچ پارت و لایەنێکی تری سیاسییەوە نەبێت.

ز) لانیکەم هۆشیاری سیاسیو نیشتمانیی هەبێت.

ح) لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا بەشداری بکات.

ط) ئابوونە بدات.

**دووەم:** پەیوەست بە خاڵی (ط) لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی ڕێسایەکی تایبەت بە بڕ و چۆنیەتی وەرگرتنی ئابونە دەردەکات.

### مافەکانی ئەندام

**ماددەی (١٠)**

**یەکەم:** ئەندام ئەم مافانەی خوارەوەی هەیە:

أ) هەر ئەندامێك مافی هەیە لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا خۆی بۆ ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك) بپاڵێوێت.

ب) پرسیارو پێشنیازکردنو ڕەخنەگرتن لەهەر ئەندامو ئۆرگانێکی (ی.ن.ك)، بەزارەکی یاخود بە نوسینو لە هەر بابەتێکی سیاسیو ڕێکخراوەییو داراییدا لەرێگەی ئۆرگانەکانی خۆیو لەچوارچێوەی (ی.ن.ك) دەبێت.

ج) ئەو ئەندامانەی کە ساڵانێکی زۆرە ئەندامنو خزمەتێکی زۆری (ی.ن.ك)یان کردووە، بەپێی بەرنامەیەکی دادپەروەرانەی تایبەت، دەستەی جێبەجێکار دەتوانێ لەرووی ماددیو مەعنەوییەوە ڕێزیان لێ بگرێت.

د) لەکاتی لێپرسینەوە لە ناو (ی.ن.ك)دا، لە ناوەندی کاروباری یاسایی مافی بەرگریکردنی لە خۆی هەیە.

**دووەم:** داواکردنەوەی ئەندامبوونەوە لە (ی.ن.ك)دا، بە نوسراوێك دەبێت کە ئاراستەی ئۆرگانی باڵاتری سنوری نیشتەجێبوونی خۆی بکات.

## ئەرکەکانی ئەندام

**ماددەی (١١)**

**یەکەم:** ئەندام ئەم ئەرکانەی خوارەوەی هەیە:

أ) دڵسۆزانە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی (ی.ن.ك) تێبکۆشێت.

ب) یەکێتی ریزەکانی ناو (ی.ن.ك) بپارێزێت.

ج) دژی دەستەگەریو ناوچەگەریو هۆزگەریو گەندەڵی بێت.

د) هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری، سیاسیو نەتەوەیی خۆیو هەڤاڵەکانی بدات.

ه) نهێنییەکانی (ی.ن.ك) بپارێزێتو راستییەکانی لێ نەشارێتەوە.

و) بەرگری لەبەرنامەو سیاسەتی (ی.ن.ك)و سەروەرییەکانی بکات.

ز) بەرژەوەندی (ی.ن.ك) بخاتە سەرووی بەرژەوەندی خۆیو بەرژەوەندی گەلو نیشتمان لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانیەوە رابگرێت.

ح) هەوڵبدات دۆستو لایەنگرو دەنگدەر بۆ (ی.ن.ك) پەیدا بکات.

**دووەم:** پارێزگاریکرن لەسەروەری یاساو مافەکانی مرۆڤو ژینگە بەئەرکی خۆی بزانێت.

## لەدەستدانی ئەندامیەتی و سزادان

**ماددەی (١٢)**

**یەکەم:** ئەندام لەئەندامیەتی (ی.ن.ك) دەکەوێت بەهۆی مردن، وازهێنان، یان دەرکردن.

**دووەم:** ناپاکی سیاسی، نیشتمانیو نەتەوەیی.

**سێیەم:** کارکردن بۆ پاڵێوراوی پارتەکانی تر لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا.

**چوارەم:** لە دەستدانی هەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەندامیەتی کە لە ماددەی (٩) نۆدا هاتووە.

## سزادانو پاداشتکردن

**ماددەی (١٣)**

**یەکەم:** جۆرەکانی سزادان: سەرنجراکێشان (لفت النظر)، هۆشداری (الإنذار)، هەڵپەساردن (لەکارخستن)، دەرکردن.

**دووەم:** هەر ئەندامێك لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانی کەمتەرخەمی نواند، یان دەستەگەریو گێرەشێوێنی ئەنجامدا، یان گوفتارو کرداری بووە مایەی تێکدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)و جەماوەری (ی.ن.ك)و حزبو لایەنەکانو بەرژەوەندی گەلو نیشتمانو (ی.ن.ك) بە ئەندازەو جۆری کەمتەرخەمیو سەرپێچییەکەی، بەمشێوەی خوارەوە سزا دەدرێت:

أ) سەرنجراکێشان: سزایەکە بە نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێت، تیایدا سەرنجی رادەکێشرێ بۆ ئەو سەرپێچییەی ئەنجامیداوە و هۆکاری سزاکەشی تیادا روون دەکرێتەوە. ئەم سزایە لە لایەن دەڤەری قەزا (مەڵبەند)و سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان)، لە سنوری چالاکی خۆیاندا دەریدەکەن کە کاریگەری دەبێت لەسەر کاندید کردنی ئەو ئەندامە بۆ هەر پلەو پایەیەکی حزبی و حکومی.

ب) هۆشداری (الانذار): سزایەکە بە نوسراوێکی فەرمی ئاراستەی ئەندامی سەرپێچیکار دەکرێ تیایدا جۆری سەرپێچییەکەی روون دەکرێتەوە و هۆکاری سزاکەشی دیاری دەکرێت. ئەم سزایە لەو کاتەدا دەبێت کە ئەندامێك پێشتر بە (سەرنجراکێشان) سزا درابێت و بەردەوام بووبێت لەسەر سەرپێچیکردن. دەڤەری قەزا (مەڵبەند)و سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) دەتوانن بە رێکارەکانی ئەم برگەیە کارراییەکانی سزادان جێبەجێ بکەن. ئەم سزایە دەبێتە هۆی برینی هەموو هاوکارییەکی ماددی و مەعنەوی ئەندامی سەرپێچیکار کە ماوەی سزادنەکەی لە (٣) مانگ کەمتر و لە (٦) مانگ زیاتر نەبێت، کاریگەریشی دەبێت لەسەر کاندید کردنی ئەو ئەندامە بۆ هەر پلە و پایەیەکی حزبی و حکومی.

ج) هەڵپەساردن: سزایەکە بە فەرمی دەردەکرێت و وێنەی دەدرێت بە ئەندامی سزادراو. ئەم سزایە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەریدەکات لەسەر پێشنیازی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) کە

هەڵپەساردن بۆ ماوەی کەمتر نەبێت لە (٣) سێ مانگ و زیاتر نەبێت لە (٦) مانگ. سزای هەڵپەساردن دەبێتە هۆی ڕاگرتنی هەموو هاوکارییەکی ماددی و مەعنەوی ئەو ئەندامە کە حیزب پێی بەخشیوە بە درێژایی ماوەی سزاکە هەروەها دەبێتە هۆی لەدەستدانی کۆی ئەو خاڵانەی دەبنە بنچینەی بەرزکردنەوەی پلەکانی ڕێکخستن بەپێی سیستەمی پلەبەندی کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە بەپێی ڕێسایەکی تایبەت دیاری دەکرێ.

**سێیەم:** لە کاتی بەردەوامبوونی ئەندام لە ئەنجامدانی پێشێلکاری تر، یان ئەو پێشێلکارییانەی بەهۆیەوە سزادراوە، واتە سەرنجڕاکێشان، هۆشداری (الإنذار)و هەڵپەساردنی وەرگرتبێت، بەپێی قەبارەی پێشێلکارییەکەی، بەمشێوەی خوارەوە پلەکەی دادەگیرێت:

أ) ئەندامو ئەندامی کاراو ئەندامی باڵا بڕیاری پلەداگرتنیان لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان دایە.

ب) ئەندام و ئەندامی کارا و ئەندامی باڵا بڕیاری پلەداگرتنیان لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) دایە.

ج) پلەداگرتنی ئەندامانی ناوەندی کاروبارەکان، ئەندامانی مەکتەبەکان و پلە هاوشێوەکانیان، تا ئاستی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیدایە.

**چوارەم:** دەرکردن:

ئەندام لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەردەکرێت:

أ) کارکردن دژ بە بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلو نیشتمان.

ب) کارکردن دژ بە سیاسەتی (ی.ن.ك)و هەوڵدان بۆ تێکدانی ریزەکانی.

ج) بەکارهێنانی پۆستە حزبییەکەی بۆ بەرژەوەندی خۆی.

د) بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندییەکانی (ی.ن.ك).

ه) درکاندنی نهێنییەکانی (ی.ن.ك).

و) کارکردن دژ بە پاڵێوراوانو بەرنامەی (ی.ن.ك) لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا.

ز) لەپەیڕەو و پرۆگرامی (ی.ن.ك) لابدات.

ح) هەر ئەندامێك لەهەر پلەیەکدا بێت تاوانی کوشتنی بە ئەنقەستو ئابڕوبەری (جريمة مخلة بالشرف)ی سەلمێنراو بەبڕیارێکی دادگای ئەنجام دابێت مافی ئەندامیەتی لە دەستدەدات.

ط) هەر ئەندامێك پلەیەکی حزبی هەبووبێتو فەرمانی دەرکردنی بۆ دەرچووبێت، دوای وەرگرتنەوەی بە ئەندام، دەبێت سەرجەم پلەکانی ڕێکخستن لە سەرەتاوە ببڕێتەوە.

### ماددەی (١٤)

بڕیاری دەرکردن لەدەستەی جێبەجێکارەوە دەردەچێت، دوای خستنەڕووی بەڵگەو پاساوەکان، لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی پەسند دەکرێت و سەرۆك/سکرتێری حزب واژۆی کۆتایی فەرمانەکە دەکات.

### ماددەی (١٥)

**یەکەم:** ئەگەر ئەندام سزادانەکەی بەلاوە ڕەوا نەبوو، مافی تێهەڵچوونەوەی (استئناف) لە ڕێگای ئۆرگانەکانی خۆیەوە هەیە لە بەردەم ناوەندی کاروباری یاسایی و کۆمسیۆنی سکاڵا و مافی مرۆڤ، بڕیاری کۆتاییش لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەردەچێت.

**دووەم:** هەر ئەندامێك کە پێشتر وازی لە (ی.ن.ك) هێنابێت یان مافی ئەندامیەتی لەدەست دابێت، جگە لەوانەی تاوانی ئابڕوبەرانەن (المخلة بالشرف)یان ئەنجام دابێت، مافی داواکردنەوەی ئەندامیەتیان هەیە.

### ماددەی (١٦)

بەپێی ڕێسایەکی تایبەت بە پادداشت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە، لە ماوەی سێ مانگ دوای کۆنگرە دەردەچێت، ئەندامان و کادیرانی (ی.ن.ك) لە سەرجەم ئۆرگانە جیاوازەکان، بنکەیی بن یاخود باڵا، لە ڕووەکانی ماددی و مەعنەوییەوە پاداشت دەکرێن ئەگەر ئەندام یان کادیر یاخود ئەندامی ئۆرگانی باڵا (ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی،

دەستەی باڵا، دەستەی سەرۆکایەتی، ناوەندەکانی کاروبار، ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان، مەکتەبەکان و سەرجەم ئۆرگانەکانی تر)؛

أ) لە جێبەجێکردنی کار و ئەرك و چالاکییەکانی خۆی کارا بوو،
ب) ڕێژەی خاڵە پاشەکەوتکراوەکانی بگاتە ئاستی پاداشت و خەڵاتکردن،
ج) توانی داهێنان و بەهرەمەندییەکی جیاواز بنوێنێ کە لە قازانجی گشتی کۆمەڵانی خەڵکدا بێت،
د) لەو خول یاخود خوێندنگە و قوتابخانە و پەیمانگاو زانکۆیانەی بەشداری تێدا دەکات، توانی پلەی یەکەم یاخود دووەم یاخود سێیەم بەدەست بێنێ،
ه) ببێتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشە و قەیرانێکی ئاڵۆزی کەڵەکەبووی کۆمەڵایەتی،
و) توانی بە بەڵگە لە ماوەی ساڵێکدا هەزار ئەندام یاخود دەنگدەر بۆ (ی.ن.ك) ڕێکبخات،
ز) هەر خاڵێکی تر کە لە چوارچێوەی ڕێسای خەڵات و پاداشتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بخرێتەڕوو.

## کادیر

### ماددەی (١٧)

**یەکەم:** کادیر ئەو ئەندامە حزبییە کە ئەرك یاخود لێپرسراویەتی ئۆرگانێك دەگرێتە ئەستۆ.

**دووەم:** مەرجەکانی بوون بە کادیر:

أ) خاوەنی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتیو جەماوەری بێت.
ب) ناو ناوبانگی باش بێت.
ج) یەکێك لەپلەکانی ڕێکخستنی بەسەرکەوتووی بڕیبێت، خۆشەویستی ناو ڕێکخستنو جەماوەر بێت.
د) ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان بێتو خاوەنی بۆچوونی خۆی بێت سەبارەت بەهەر بابەتو ڕوداوێکی کتوپڕی (ناکاو) ناوچەیی.
ه) توانای سازکردنی کۆڕو سمیناری هەبێت.
و) دەرچووی پەیمانگای کادیران بێت.
ز) لەکاتی سەرکەوتندا لەخۆی بایی نەبێتو لەشکستدا بەورەو خۆڕاگر بێت لەئاست پڕوپاگەندەی ناحەزانو دوژمناندا.

**سێیەم:** ئەرکەکانی کادیر:

أ) دڵسۆزانە خەبات بکات بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی (ی.ن.ك).
ب) پارێزگاری لە یەکێتی ناو (ی.ن.ك)و نهێنییەکان بکات.
ج) بەردەوام هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خۆی بدات.
د) بوێرانە ڕوبەڕوی دیاردە دزێوەکان ببێتەوە بەتایبەتی دیاردەکانی باڵباڵێن، دەستەگەری، ناوچەگەری، هۆزگەری، تاکپەرستی، گەندەڵی و هەر دیاردەیەکی تر کە زیان بە بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستانو (ی.ن.ك) بگەیەنێت.
ه) لەسنوری چالاکی خۆیدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لەگەڵ سەرجەم چینو توێژەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دروست بکاتو هەوڵی هێنانەدی ئامانجو داواکارییەکان بداتو پارێزگاری لەبەرژەوەندییەکانیان بکات.
و) ڕێز لەیاساو سەروەرییەکانی بگرێت.
ز) کارکردن بۆ بەرجەستەکردنی گیانی برایەتیو پێکەوە ژیانو ڕەخساندنی کەشێکی ئارامو ئاشتەوایی لەنێوان سەرجەم پارتو هێزە سیاسیەکانو تاك بەتاکی کۆمەڵگەی کوردستان.
ح) کارکردن بۆ دروستکردنو جوڵاندنی ڕای گشتی لەبەرژەوەندی ستراتیژو ئامانجەکانی (ی.ن.ك) دا.
ط) ئامادەی کارکردن بێت لەهەر شوێنێك کە (ی.ن.ك) پێویستی بێتو داوای لێ بکات.

**چوارەم:** مافەکانی کادر:

أ) هەمان ئەو مافانەن کەپەیڕەوی ناوخۆی پەسندکراوی کۆنگرەی (٤) چواری (ی.ن.ك) بۆ هەر ئەندامێکی (ی.ن.ك) دیاریکردووە، وێڕای پێدانی موچەیەکی دیاریکراوی شایستە بەئەرکی کادیری تەرخان (المتفرغ)..
ب) مافی یەکسان بۆ سەرجەم کادیران دابین بکرێت لەسەر ئاستەکانی جوگرافیو ئۆرگانەکان بەتایبەتی لەخولەکانی پێگەیاندنو گرفتەکانی نەخۆشی لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.

## بەشی سێیەم
## کۆنگرە، کۆنگرەی نائاسایی، پلینوم

### کۆنگرە

#### ماددەی (١٨)
کۆنگرە باڵاترین ئۆرگانو دەسەڵاتی (ی.ن.ك)ـە. هەر سێ ساڵ جارێك دەبەسترێت.

#### ماددەی (١٩)
**یەکەم:** نابێت، لە هیچ بارێکدا، کۆی گشتی ئەندامانی کۆنگرە لە (٧٥٠) ئەندام تێپەڕ بکات. ئەندامانی کۆنگرە پێکدێن لە:
أ) ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، بێ هەڵبژاردن ئەندامی کۆنگرە دەبن.
ب) ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی (١٢١ ئەندام)، بێ هەڵبژاردن ئەندامی کۆنگرە دەبن.
**دووەم:** نوێنەرانی ڕێکخستن و سەرکردایەتی هەرێمەکان و ناوەندەکانی کاروبار و مەکتەب و سەرجەم ئۆرگانەکانی دیکەی (ی.ن.ك) بە هەڵبژاردن دەبێت، بەپێی ئەو ڕێژەیەی بە هەماهەنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی و ناوەندی ئامار و ڕاپرسی و هەڵبژاردن؛ بۆیان دیاری دەکرێت.

#### ماددەی (٢٠)
**یەکەم:** کۆمسیۆنێك بەناوی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە بە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی پێکدەهێندرێت.
**دووەم:** ئەندامانی کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، دوای دیاریکردنی ژمارەیان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، مافی خۆپاڵاوتنیان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی نابێ.
**سێیەم:** شەش مانگ بەر لە کۆنگرە، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکار، بە هاوکاری ناوەندی ئامار و ڕاپرسی و هەڵبژاردن و ناوەندی کاروباری یاسایی، ئامادەی ڕێکار و میکانیزمەکانی پێویست دەکات بۆ کۆنگرە.
**چوارەم:** بە ئامادەبوونی (٦٠١) ئەندام لە کۆی (٧٥٠) ئەندام، کۆنگرە ڕەوایی بەستن وەردەگرێ.

#### ماددەی (٢١)
**یەکەم:** کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە ئامادە دەکات و (٣٠) سی ڕۆژ پێش کۆنگرە بڵاوی دەکاتەوە.
**دووەم:** دوای بڵاوکردنەوەی تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە، هەر ئەندامێکی (ی.ن.ك) تانەی لە تۆماری سەرەتایی ئەندامانی کۆنگرە هەبوو، لە ماوەی (٧) ڕۆژدا پێشکەشی دەکات.
**سێیەم:** تانەکان ئاراستەی ناوەندی کاروباری یاسایی دەکرێن، کە لەماوەی (٣) سێ ڕۆژدا پێویستە بڕیار لە تانەکان بداتو یەکلاییان بکاتەوە.
**چوارەم:** پەیوەست بە بڕگەی سێیەمی ئەم ماددەیە، بڕیاری ناوەندی کاروباری یاسایی یەکلاکەرەوەیە و پلەی کۆتایی وەردەگرێت و پێویستە جێبەجێ بکرێت.
**پێنجەم:** پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیەی لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە، دوای یەکلابوونەوەی تانەکان لە ناوەندی کاروباری یاسایی، کۆمسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە، پێش (١٥) پازدە ڕۆژ لە وادەی دیاریکراو بۆ بەستنی کۆنگرە، تۆماری کۆتایی ئەندامانی کۆنگرە بڵاو دەکاتەوە.

#### ماددەی (٢٢)
**یەکەم:** لە بەر هەر هۆیەك، کۆنگرە لە کاتی خۆی نەکرا ببەسترێت، تەنها پلینوم دەتوانێت بۆ ماوەی (٣-٦) سێ تا شەش مانگ و تەنیا بۆ (١) یەکجار کۆنگرە دوا بخات، لە کاتی نەبەستنی کۆنگرە لەو ماوەیەدا ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیو دەستەی سەرۆکایەتی (سەرۆك/سکرتێری و لێپرسراوی مەلەفەکان) و دەستەی جێبەجێکار ڕەواییان نامێنێ و هەڵدەوەشێنەوە.

دووەم: ئەگەر دۆخە ناوخۆیی و سیاسییەکان ڕێگرن بوون لە جێبەجێبوونی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە، تەنیا بۆ ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ دەستەیەکی (٥) پێنج کەسی کاروباری (ی.ن.ك) بەشێوەی کار بەڕێکردن؛ تا بەستنی کۆنگرە، بەڕێوە دەبەن، ئەرکیان تەنیا ئامادەکاری بەستنی کۆنگرە دەبێت.

دەستەکە پێکدێ لە:

أ) سەرۆکی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)،
ب) سەرۆك/سکرتێری حزب،
ج) سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی،
د) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن و هەرێمەکان و دیراسات و توێژینەوەی ستراتیژی،
ه) لێپرسراوی ناوەندی هەڵبژاردن و ئامار و ڕاپرسی،

### ماددەی (٢٣)

کۆنگرە بڕیار لەسەر هەر ئۆرگانێکی باڵا بدات، لە ماوەی سێ مانگدا پێکدەهێندرێ و ستافەکەی بە هەڵبژاردن دەبێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیدا دیاری دەکرێن.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی کۆنگرە

### ماددەی (٢٤)

یەکەم: ئەرکو دەسەڵاتەکانی کۆنگرە بریتین لە:

أ) هەڵبژاردنی (١٢١) سەدو بیست و یەك ئەندام بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.
ب) هەڵسەنگاندنو پەسندکردنی ڕاپۆرتی گشتی سەرۆك/سکرتێری حزب.
ج) هەڵسەنگاندنی سیاسەتی (ی.ن.ك) لە نێوان دوو کۆنگرەو بڕیاردان لەسەر سیاسەتی نوێ بۆ چەسپاندنی ڕێبازی (ی.ن.ك)و هەڵسەنگاندنی سیاسەتە پیادەکراوەکان لە هەرێمی کوردستانو عیراقی فیدراڵ و جیهان.
د) پەسندکردنی ڕاپۆرتو بڕیاردان لە کۆنگرەدا بە زۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان دەبێت.
ه) تاوتوێکردنی ئەو پرس و بابەتانەی کە کۆنگرە بە پێویستی دەزانێت بڕیاریان لەسەر بدات.
و) بڕیاردان لەسەر سکاڵاو پێشنیازە پێشکەشکراوەکان.
ز) هەڵبژاردنی لیژنەیەك لە لایەن کۆنگرەوە بۆ نوسینەوەو هەڵەچنیو داڕشتنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆ کە لەلایەن کۆنگرەوە پەسند بکرێ.
ح) ڕادەستکردنی سەرجەم بەڵگەنامەو تۆمارەکانی کۆنگرە بێ دەستکاریکردن، لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵبژێردراو.

دووەم: هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە تاك و یەك لیستی کراوە و یەك بازنە دەبێت. دەبێ ئەندامی دەنگدەری کۆنگرە؛ دەنگەکانی خۆی دابەشی سەرجەم ناوچە جوگرافییە جیاوازەکانی کوردستان بکات.

سێیەم: کۆنگرە، بەپێی ڕێژەی دەنگهێنانی (ی.ن.ك) لە دوایین هەڵبژاردنەکاندا، کۆتا بۆ ئێزدی، فەیلی، تورکمەن، مەسیحی، عەرەب، شەبەك، کاکەییو سەرجەم نەتەوەو پێکهاتەو ئایینەکانی تری کوردستان لە بەرکەوتی پارێزگاکان؛ بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی مسۆگەر دەکات.

چوارەم: دەرکردنی ڕاگەیاندنی کۆتایی لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتیکردنی کۆنگرە.

## کۆنگرەی نائاسایی

### ماددەی (٢٥)

یەکەم: کۆنگرەی نا ئاسایی لەو کاتەدا دەبەسترێت، کە قەیرانێك یان ڕووداوێکی گرنگ دێتە پێشەوە، کە کاریگەی لەسەر ئایندەی گەلی کوردستانو (ی.ن.ك) هەبێت.

دووەم: لەسەر داواو بڕیاری (٣/٤)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی کۆنگرەی نائاسایی دەبەسترێت.

سێیەم: لانیکەم مانگێك پێش بەستنی کۆنگرەی نا ئاسایی، کاتی بەستنی دیاری دەکرێت.

**چوارەم:** کۆنگرەی نائاسایی هەمان دەسەڵاتەکانی کۆنگرەی ئاسایی هەیە.
**پێنجەم:** ئەندامانی کۆنگرەی ئاسایی پێشوو دەبنەوە ئەندامی کۆنگرەی نائاسایی.

## کۆبوونەوەی فراوان (پلینوم)

### ماددەی (٢٦)

**یەکەم:** بە مەبەستی پێداچوونەوەی کاروبارەکانی (ی.ن.ك)و وەرگرتنی بیروڕای زۆرترین ژمارەی ئەندامان، پلینوم دەبەسترێت.

**دووەم:** لەسەر داواو بڕیاری (٣/٢) ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی پلینوم دەبەسترێت.

**سێیەم:** ئەندامانی پلینوم پێکدێن لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، ئەندامانی ناوەندەکان، ئەندامانی کاروبار، ئەندامانی مەکتەب و ئەندامانی ئەنجومەنی هەرێمەکان (ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان).

**چوارەم:** دەسەڵاتی گۆڕینی پرۆگرامو پەیڕەو نییە.

**پێنجەم:** دەتوانێت (١٠٪)ی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بگۆڕێت بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە ناو پلینوم دەستنیشان دەکرێن.

# بەشی چوارەم
# ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی

## پێکهاتەی ئەنجومەن

### ماددەی (٢٧)

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی پێکدێت لە (١٢١) سەدو بیست و یەك ئەندام کە لە کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
**دووەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لەسەر بنچینەی بەرکەوتو دابەشبوونی جوگرافیای هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان)، بە ڕەچاوکردنی تواناو لێهاتوویی، دەبێت.
**سێیەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لە کۆنگرەی چوارەم، بە تاك و یەك لیستی کراوە دەبێت لەسەر بنچینەی پێوەری ڕێژەی دەنگهێنانی (ی.ن.ك) لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عیراق کە لە (٢٠١٤/٤/٣٠) ئەنجام درا.
**چوارەم:** هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لە ناو کۆنگرە بە یەك بازنە دەبێت، بە مەرجێك بەرکەوتی سەرجەم ناوچە جوگرافییەکان بەپێی بڕگەی (دووەم و سێیەم)ـی ئەم ماددەیە دیاری بکرێ.
**پێنجەم:** ئەو پارێزگایانەی بەرکەوتی نوێنەرانیان بگاتە (٢٧) بیستو حەوت ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، دەبێ لە پشکی خۆیان بە ڕێژەی (٨٪) ببەخشنە ئەو پارێزگایانەی ڕێژەیەکی کەمی ئەندامانیان بەردەکەوێ لە هەرێمو ناوچە کوردستانییەکان.
**شەشەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لە نێو ئەندامەکانیو لە یەکەم دانیشتنیدا، دوای کۆنگرە، سکرتێرێكو جێگرێكو بڕیاردەرێك، بە دەنگدانی نهێنی ڕاستەوخۆ، بە زۆرینەی ڕەهای دەنگ هەڵدەبژێرێت.
**حەوتەم:** نابێت ڕێژەی ژن لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دا (٢٥٪) کەمتر بێت.
**هەشتەم:** نابێت تەمەنی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لە (٤٠) ساڵ کەمتر بێت.
**نۆیەم:** ئەندامانی سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەبێت کاتی خۆیان بۆ کاری ئەنجومەن تەرخان (تفرغ) بکەن.
**دەیەم:** دوای کۆنگرە، بە تەمەنترین ئەندامی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لەسەر داوای لێپرسراوی لیژنەی سەرپەرشتیاری کۆنگرە، داوای یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەکات لە ماوەی (٣-٥) ڕۆژ.

## مەرجەکانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی

### ماددەی (٢٨)

**یەکەم:** تەمەنی لە (٣٠) سی ساڵ کەمتر نەبێت.
**دووەم:** لە ئاستێکی هۆشیاریو سیاسی سەرکەوتوودا بێت.
**سێیەم:** لانیکەم (٧) ساڵ کاری لە ئۆرگانەکاندا کردبێت.
**چوارەم:** ناپاکی نیشتمانییو نەتەوەیی نەکردبێت.
**پێنجەم:** مەرجەکانی تری ئەندامیەتی تێدابێت.

### ماددەی (٢٩)

**یەکەم:** ئەو ئەندامانەی دەیانەوێت خۆیان بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بپاڵێون، پێویستە پوختەی کەسێتی (CV)ـی خۆیان پێشکەش بە ناوەندی کاروباری ئامارو ڕاپرسیو هەڵبژاردن بکەن.
**دووەم:** دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی (١٥) ڕۆژ پێش دەستپێکردنی کۆنگرە دادەخرێت.
**سێیەم:** پاش کۆتاییهاتنی ماوەی خۆپاڵاوتن، کۆمیسیۆنی باڵای ئامادەکاری کۆنگرە ناوەکان ڕادەگەیەنێت، دوای ئەمە هیچ کەسێکی تر بۆی نییە ناوی دیکە زیاد بکات.

## ئەرك‌و دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی

### ماددەی (٣٠)

**یەكەم:** ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

أ) بەرزترین دەسەڵاتە لە نێوان دوو كۆنگرەدا.

ب) بەرپرسە لە بەدواداچوونی بڕیارو راسپاردەكانی كۆنگرە،

ج) داڕشتنی سیاسەتی گشتی لەسەر ئاستی ناوخۆییو دەرەكی،

د) پەرەپێدانی پەیوەندییەكانی (ی.ن.ك) لەگەڵ لایەنەكانی تر،

ه) هەڵسەنگاندن‌و هەمواركردن‌و پەسندكردنی هەنگاو و میكانیزمەكانی جێبەجێكردنی ستراتیژو پلانی سیاسی ماوە كورت‌و درێژخایەن كە لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی و دەستەی جێبەجێكارەوە پێشكەشی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی دەكرێ،

و) چاودێریكردنی ئیشوكاری ئۆرگانەكان،

ز) دەركردنی رێسای تایبەت بۆ چۆنیەتی رێكخستنی كاروبارەكانی ناوخۆی (ی.ن.ك) لەسەر هەموو ئاست‌و ئۆرگانێكدا.

ح) پێداچوونەوەو هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك)و ئامادەكردنی بۆ كۆنگرەی پێنجەم.

**دووەم:** دەبێ هەر (٤٥) چل و پێنج رۆژ (یەك مانگ و نیو) جارێك دانیشتنی ئاسایی خۆی ئەنجام بدات.

**سێیەم:** ئەو رێسایانەی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی دەریان دەكات، پابەندی بۆ سەرجەم ئاست‌و ئۆرگانەكان هەیەو دەبێت جێبەجێ بكرێن (وجوب التفيذ).

**چوارەم:** جگە لە سكرتێری ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی، لە دانیشتنی دووەمی خۆیدا لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ، دوای دانیشتنی یەكەم، سەرۆكی حزب‌و دەستەی سەرۆكایەتی/ناوەندی كارگێڕی، لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن.

**پێنجەم:** لە بەشی دووەمی هەمان دانیشتنی بڕگەی (چوارەم)ـی ئەم ماددەیە، ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی سەرۆكی دەستەی پاراستنی قەوارە (ی.ن.ك)/ئەنجومەنی باڵای دانایان لە ناو یاخود دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی هەڵدەبژێرێ.

**شەشەم:** پەیڕەوی كار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێكدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**حەوتەم:** ئەندامانی ناوەندی كاروبار، ئەندامانی كاروبارو ئەندامانی مەكتەبەكان بەبێ پەسندكردنی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی فەرمانی كارگێڕیو دەستبەكاربوونیان بۆ دەرناچێت.

**هەشتەم:** دوای خستنەڕووی هۆكارو بەڵگەكان، بە زۆرینەی دەنگ، دەتوانن لە كاتی پێویستدا هەر ئەندامێكی بڕگەی حەوتەمی ئەم ماددەیە هەڵپەسێرێت، یاخود لە كاری بخات.

**نۆیەم:** لەسەر داوای لانیكەم (٢١) بیست‌و یەك ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی، ئەندام‌و لێپرسراوی هەر ئۆرگانێكی حزبیو حكومیو پەرلەمان (بەركەوتی یەكێتی)، بە مەبەستی لێپرسینەوەو لێپێچینەوە بانگهێشت دەكات.

**دەیەم:** ئەو رێككەوتنە گرنگانەی كە پەیوەندییان بە پرسە نەتەوەییە چارەنوسسازەكان و بەرژەوەندی باڵای (ی.ن.ك)و هاوپەیمانێتی هەڵبژاردنەوە هەیە، كە دەستەی سەرۆكایەتی (سەرۆك/سكرتێر و كارگێڕانی ناوەندەكان) بە هەماهەنگی دەستەی جێبەجێكار بەشێوەیەكی سەرەتایی رێكارەكانی ئامادە دەكات، پاش پەسندكردنی (٣/٢)ـی ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی، دوای واژۆكردنی كۆتایی لە لایەن سەرۆك/سكرتێری حزبەوە، كاریان پێ دەكرێت و ئەگەر سەرۆك/سكرتێری حزب لە ماوەی (١٥) رۆژدا واژۆی نەكرد، رەوایی یاسایی خۆی وەردەگرێ.

**یازدەم:** پەسندكردنی لیست‌و ناوی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتیەكان‌و كابینەی وەزاریو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانیو ئەنجومەنە خۆجێییەكان مانگێك بەر لە تۆماركردنی ناوی پاڵێوراوان لە كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانەوە.

**دوازدەم:** ئەندامانی پاڵیوراوی هەڵبژاردنە گشتییەكان دەبێ لەبەردەم ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی بەڵێننامە پڕ بكەنەوەو پێیەوە پابەند بن.

**سێزدەم:** پەسندكردنی پەیڕەوی كاری دەستەی سەرۆكایەتی، دەستەی جێبەجێكار، ناوەندی كاروبارەكان‌و ئەنجومەنی سەركردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەكان لە ماوەی (٦٠) شەست رۆژدا.

**چوارەدەم:** پەسندکردنی بودجەی گشتی ساڵانەی (ی.ن.ك) کە لە لایەن دەستەی جێبەجێکارەوە ئامادە دەکرێ و واژۆی سەرۆك/سکرتێری حزبی لەسەرە.

**پازدەم:** لێسەندنەوەی متمانەو کێشانەوەی سەرۆك/سکرتێری حزب بە رێژەی (٣/٢)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.

**شازدەم:** دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکی حزب بە زۆرینەی رەها (٥٠+١) دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی پەسند دەکرێت.

**حەڤدەم:** لە ئەگەری دەست لە کارکێشانەوە، یاخود لێسەندنەوەی متمانەی سەرۆك/سکرتێری حزب، دەستەی سەرۆکایەتیو دەستەی جێبەجێکار (لێپرسراوی ناوەندەکان) بە هەمان رێکاری هەڵبژاردنیان، دەبێ سەر لە نوێ متمانە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی وەربگرنەوە.

**هەژدەم:** لەسەر داوای (٥١) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لێسەندنەوەی متمانەی سەرۆك/سکرتێری حزب دەخرێتە بەرنامەی کاری داهاتووی ئەنجومەن.

**نۆزدەم:** لێسەندنەوەی متمانەو کێشانەوەی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕەکان)و لێپرسراوی ناوەندەکان لە دەستەی جێبەجێکارو گۆڕینیان بە رێژەی (٣/٢)ی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.

**بیستەم:** لەسەر داوای (٥١) پەنجا و یەك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لێسەندنەوەی متمانەی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەخرێتە بەرنامەی کاری داهاتووی ئەنجومەن.

**بیست و یەکەم:** لێسەندنەوەی متمانەی ئەندامانی سکرتاریەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە هەمان رێکاری بڕگەی (نۆزدەم) و (بیستەم)ـی ئەم ماددەیە دەبێت.

**بیست و دووەم:** دوای هەڵسەنگاندنی بەڵگە و پاساوە پێشکەشکراوەکان، لێسەندنەوەی متمانەی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە دەنگی (٣/٢) ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەبێت.

**بیست و سێیەم:** لەسەر داوایەکی واژۆکراوی لانیکەم (١٥) پازدە ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، دەکرێ پێشنیازی نوێ بخرێتە خشتەی کاری ئاسایی ئەنجومەنەوە.

**بیست و چوارەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی؛ دەسەڵاتی هەڵبژاردن و رێکخستنەوەی پەیکەری دەستەی سەرۆکایەتی حزب/ناوەندی کارگێڕی هەیە کە لە ماددەی (٣٨)ـی ئەم پەڕەوەدا هاتووە.

## ماددەی (٣١)

هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لە چوارچێوەی پەیڕەوی کاری ئەنجومەندا ئازادی تەواوی رادەربڕینی هەیە، لە سۆنگەی راو بۆچوونەکانیەوە هیچ لێپرسراویەتێکی لە ناو ئەنجومەندا ناکەوێتە سەر شان.

## ماددەی (٣٢)

هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لە کاتی سوێندخواردن، دەبێت موڵكو سامانی خۆی ئاشکرا بکاتو فۆرمی بەرژەوەندییە داراییەکان پڕ بکاتەوە.

## ماددەی (٣٣)

ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بۆیان نییە دەسەڵاتی خۆیان لە هیچ چالاکییەکی بازرگانی بۆ بەدەستهێنانی قازانجی ماددی بەکار بهێنن، یاخود لە هەر چالاکییەکی بازرگانی، یان پرۆژەیەکی ئابوری ببنە هاوبەش بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

## ماددەی (٣٤)

**یەکەم:** لەکاتی پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك)و پەیڕەوی کاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لەلایەن سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەتو هەر ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، بەزۆرینەی دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی ئەنجومەن، ئەندامیەتی لە ئەنجومەندا هەڵدەپەسێردرێت.

**دووەم:** هەڵپەساردنی ئەندامیەتی ڕێکاری بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە کاتێکی بۆ دیاری دەکرێت، کەمترینیان سێ مانگو درێژترینیان تا کۆنگرەی داهاتوو دەبێت.

**سێیەم:** لە کاتی پەیدابوونی بۆشایی لە ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەپێی ریزبەندی دەنگەکان، لەو کەسانەی لە کۆنگرەدا دەنگیان هێناوە، شوێنەکانیان پڕدەکرێنەوە.

### ماددەی (٣٥)

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی ئەم کۆمیسیۆنانەی لای خوارەوەی دەبێتو راپۆرتی وەرزییان دەبێت:

أ) کۆمیسیۆنی مافو سکالاّ.

ب) کۆمیسیۆنی دەستپاکیو چاودێری دارایی.

ج) کۆمیسیۆنی پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێکخستن و ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان.

د) کۆمیسیۆنی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرە.

ه) کۆمیسیۆنی چاودێری ئەدای نوێنەرانی (ی.ن.ك) لە حکومەتو پەرلەمان لە سەر ئاستی هەرێمو فیدراڵ.

و) کۆمیسیۆنی میدیاو هەڵبژاردنەکان.

ز) کۆمیسیۆنی ڕێساو پەیڕەوی کاری ئۆرگانەکان.

**دووەم:** ئەرکو دەسەڵاتو ژمارەی ئەندامانی کۆمیسیۆنەکان لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە لەپەیڕەوی کاری ئەنجومەندا دیاری دەکرێن.

**سێیەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بۆی هەیە بەپێی پێویست کۆمسیۆنی پسپۆڕ دابمەزرێنێت.

### ماددەی (٣٦)

**یەکەم:** جگە لە سەرۆك/سکرتێری، سەرجەم ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕەکان)، ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار، لێپرسراوانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان)، لێپرسراوی مەکتەب و کاروباری ناوەندەکان، مافی دەنگدانیان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی نامێنێ لە کاتی هەڵسەنگاندن یاخود بەدواداچوون یان لێپێچینەوە لە هەر ئۆرگانێکی دەستەی جێبەجێکار.

**دووەم:** سەرجەم ئەندامانی بڕگەی (یەکەم) لەم ماددەیە، مافی دەنگدانیان دەستەبەر دەبێت بۆ هەر پرسێکی دیکەی گشتی پەیوەست بە کوردستانو عیراقو ناوخۆی (ی.ن.ك).

**سێیەم:** سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی دەستەی باڵا و دەستەی سەرۆکایەتی و جێبەجێکار بەشدار دەبێتو دەتوانێ بۆچوونی خۆی پێشنیاز بکات، مافی دەنگدانی نییە جگە لە ئەگەری یەکسانبوونی دەنگی دەستەی جێبەجێکار بە ڕێژی (٥٠ بە ٥٠)، لەوکاتەدا دەنگی سکرتێری ئەنجومەن بۆ هەر لایەکیان یەکلاکەرەوە دەبێت.

**چوارەم:** هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، سەرۆك/سکرتێری حزب و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕەکان) و لێپرسراوانی ناوەندەکانی کاروبار و لێپرسراوی مەکتەبەکان و لێپرسراوی کاروباری مەکتەبەکان؛ یەکسانن لەرووی موچە و مافە ماددی و مەعنەوییەکانەوە.

## هەڵبژاردنی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیو ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی

### ماددەی (٣٧)

**یەکەم:** سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، پێنج ڕۆژی دوای کۆنگرە، لە دانیشتنی یەکەمی خۆی و لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە شێوەی دەنگدانی راستەوخۆی نهێنی و بەدەستهێنانی لانیکەم (٣/٢)ـی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێت.

**دووەم:** سەرۆك/سکرتێری حزب، لە دانیشتنی دووەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ دوای دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە شێوەی دەنگدانی راستەوخۆی نهێنی و بەدەستهێنانی لانیکەم (٣/٢)ـی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێت. ئەگەر کاندیدانی سەرۆك/سکرتێری حزب لە گەڕی یەکەمی هەڵبژاردندا ئەو ڕێژە دەنگانەی بەدەست

نەهێنا، لە گەڕی دووەمدا هەر کاندیدێك ڕێژەی ڕەها (٥٠+١)ـی دەنگەکانی بەدەست هێنا، براوەی پێشبڕکێ (سەرۆك/سکرتێر) دەبێت.

**سێیەم:** ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕەکان)، لە دانیشتنی دووەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لە ماوەی پازدە ڕۆژ دوای دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی؛ بە شێوەی دەنگدانی ڕاستەوخۆی نهێنی و بەدەستهێنانی لانیکەم (٣/٢) بۆ هەر کارگێڕێك، بە دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن.

**چوارەم:** دوای هەڵبژاردنی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی و سەرۆك/سکرتێری حزب و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕەکان) لە هەمان ڕۆژی متمانە وەرگرتن، ئەم سوێندەی خوارەوە، بەشێوەی تاك، لەبەردەم ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەخۆن:

"سوێند بێت بە خوای گەورە، بە نیشتمان و گەلی کوردستان، بە خوێنی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان، پارێزگاری لە سەروەری وڵات و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و شکۆی حزب بکەم، پابەندی پەیڕەوی ناوخۆ بم. بەوپەڕی دڵسۆزییەوە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانم بکەم بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری بۆ کۆمەڵانی خەڵك و چین و توێژە جیاوازەکان. هاوسەنگانە و بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ هەموو ئەندامانی حزب کارلێك و هەماهەنگی دروست بکەم. کار بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و نادادپەروەری بکەم، بەپێچەوانەشەوە، ئامادەی هەموو ئەو لێپرسینەوانە دەبم کە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆدا خراونەتەڕوو".

## پێکهاتەی دەستەی سەرۆکایەتی

### ماددەی (٣٨)

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لە دانیشتنی دووەمی خۆیدا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای دانیشتنی یەکەم، سەرۆك و دەستەی سەرۆکایەتی/کارگێڕەکان (ئەندامانی ناوەندی کارگێڕی) هەڵدەبژێرێ و بە ڕێسایەك کارو ئەرك و پەیکەری ئۆرگانی و دەسەڵاتەکانیان لە چوارچێوەی ئەم ماددیە ڕێکدەخات و جێگیر دەکات.

**دووەم:** دوای هەڵبژاردن و ڕێکخستنەوەی بڕگەی (یەکەم)ـی ئەم ماددەیە، پەیکەری دەستەی سەرۆکایەتی/ناوەندی کارگێڕی بەمشێوەی خوارە کارو و ئەرك و دەسەڵاتەکانی جێبەجێ دەکات:

# بەشی پێنجەم
# سەرۆك/سكرتێری حزب، دەستەی سەرۆكایەتی (كارگێڕانی ناوەندەكان)

## سەرۆك/سكرتێری حزب، ئەرك‌و دەسەلات و مەرجەكانی

### ماددەی (٣٩)

**یەكەم:** سەرۆك/سكرتێری حزب، سیمبولی (ی.ن.ك)و راگری هاوسەنگی و پارێزەری پەیڕەوی ناوخۆ و یەكڕیزی و یەكگوتاری و یەكهەڵوێستی سەرجەم ئۆرگانەكانە.

**دووەم:** لەكۆڕ و كۆبوونەوەكانی ناوەوە و دەرەوەی كوردستان، وەك نوێنەری (ی.ن.ك)، لە بەرزترین ئاست بەشداری دەكات.

**سێیەم:** هەماهەنگی نێوان ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی و دەستەی جێبەجێكار و دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) دەكات.

**چوارەم:** لە كاتی پێویستدا داوای كۆبوونەوەی دەستەی جێبەجێكار دەكات.

**پێنجەم:** دوای رەزامەندی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی، رێككەوتنە سیاسییەكان واژۆ دەكات (إصدار).

**شەشەم:** ئەگەر سەرۆك/سكرتێری حزب رێككەوتنەكانی لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ (لەو رۆژەی بە دەستی دەگات) پەسند نەكرد، رەوایی وەردەگرێ و بە پەسندكراو دەژمێردرێ و دەبێ دەستەی جێبەجێكار كاریان پێ بكات.

**حەوتەم:** رێساكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی پەسند دەكات. ئەگەر لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ رێساكانی پەسند نەكرد (لەو رۆژەی بە دەستی دەگات) رەوایی وەردەگرێ و بە پەسندكراو دەژمێردرێ و لە سەرجەم ئۆرگانەكان كاریان پێدەكرێ.

**هەشتەم:** دوای خستنەڕووی ئامانجەكە، لە كاتی پێویست دەتوانێ داوای كۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی و دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) و دەستەی دەستەی جێبەجێكار، بەگشتی، یاخود بە جیا بكات.

**نۆیەم:** لەسەر راسپاردەی دەستەی جێبەجێكار، فەرمانی دامەزراندن و دەستبەكاربوونی لێپرسراوی ئەنجومەنی سەركردایەتی هەرێمەكان (پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەكان) دەردەكات.

**دەیەم:** راپۆرتی سیاسیو رێكخراوەیی ساڵانە ئامادە دەكات و لە كۆنگرە و كۆبوونەوەی ساڵانەی دیداری سیاسی نیشتمانی (NPF) پێشكەشی دەكات.

**یازدەم:** جگە لە پێشخستن و گەشەپێدان و هەڵسوڕاندنی كاروباری حزب، سەرۆك/سكرتێری حزب هیچ كارێكی تر لە دەرەوەی (ی.ن.ك)، حكومی بێت یاخود پەرلەمانی، ناگرێتە ئەستۆ، دەبێ تەرخان (متفرغ) بێت تەنیا بۆ كاری حزبی.

### ماددەی (٤٠)

**یەكەم:** لە كاتی گەشت؛ یاخود ئامادەنەبوون یاخود بەتاڵبوونی شوێنی سەرۆك/سكرتێری حزب (بە هەر هۆكارێك بێت)، سكرتێری ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی ئەرك و دەسەڵاتەكانی سەرۆك/سكرتێری حزب رادەپەڕێنێ.

**دووەم:** لەكاتی پێشێلكردنی پەیڕەوی ناوخۆی حزب، یاخود جێبەجێ نەكردنی ناوەرۆكی بڕگەی یەكەم لە ماددەی (٣٩)ی ئەم پەیڕەوە و دوای خستنەڕووی پاساوە یاساییەكان، بە دەنگی (٣/٢)ـی ئەندامانی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی، سەرۆك/سكرتێری حزب متمانە لەدەست دەدات و بەو رێكارانەی لە پەیڕەودا هاتووە، بە هەڵبژاردنی ئەندامێكی دیكەی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی شوێنەكەی پڕ دەكرێتەوە.

**سێیەم:** لە كاتی لەكار نەمان یان وازهێنان، یاخود دابڕانی سەرۆك/سكرتێری حزب بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ لەسەر یەك لە كاری حزبی بەبێ مۆڵەت و پاساو، لە دانیشتنێكی تایبەتی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتیدا، پلەی سەرۆك/سكرتێری حزب لە دەستدەدا، لە هەمان دانیشتندا؛ ئەندامێكی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی بە هەڵبژاردن شوێنەكەی دەگرێتەوە.

### ماددەی (٤١)

مەرجەكانی سەرۆك/سكرتێری یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان بریتین لە:

أ) تەمەنی لە ٤٠ ساڵ كەمتر نەبێت.

ب) ئاستی هۆشیاری و دیپلۆماسی بەرز بێت.

ج) ناپاكی نیشتمانی و نەتەوەیی نەكرد بێت.

د) له دۆسییەکی گەندەڵی تێوەنەگلا بێت.
ه) لانیکەم (١٠) دە ساڵ خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی دانەبڕاوی لە ڕیزەکانی (ی.ن.ك) هەبێت.
و) سامانی گواستراوە و نەگواستراوە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی ئاشکرا بکات.
ز) بە هیچ تاوانێکی ئابڕووبەرانە زیندانی نەکرابێت.
ح) پارێزەری سامان و موڵك و داهاتی (ی.ن.ك) بێت و کار بۆ کۆکردنەوەیان بکات.
ط) نابێت سامانی حزب بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بێنن.
ي) نابێت هیچ دانیشتن و کۆبوونەوەیەك بە تەنیا لەگەڵ کەس و لایەنەکانی دەرەوەی (ی.ن.ك)، کوردستانی یان عیراقی یاخود جیهانی ئەنجام بدات.

## ئەرك‌و دەسەلات و مەرجەکانی دەستەی سەرۆکایەتی

### ماددەی (٤٢)

**یەکەم:** ئەرك‌و دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی:

أ) دەستەی سەرۆکایەتی/ناوەندی کارگێڕی بەرزترین دەسەڵاتی هەماهەنگە لەگەڵ سەرۆك/سکرتێری حزب؛ لەناو (ی.ن.ك) دا.
ب) ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕانی ناوەندەکان)؛ بە هەماهەنگی‌و هاوکاری ئەو ناوەندانەی سەرپەرشتیان دەکەن، سیاسەتی گشتی دادەڕێژن و میکانیزمی جێبەجێکردن لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و دەرەکی دیاری دەکەن و کار لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) دەکەن کە لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە پەسندکراوە.
ج) دەستەی سەرۆکایەتی/ناوەندی کارگێڕی بەرپرسە لەئامادەکردنی لیستی ناوی پاڵێوراوان بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکان‌و پۆستەکانی کابینەی حکومی کە لە لایەن دەستەی جێبەجێکار (ناوەندەکان)ـەوە پێی دەگات‌و ناردنی بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بۆ پەسندکردن.
د) داڕشتنی پلان‌و بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان.
ه) دەستەی سەرۆکایەتی دەتوانێت پێشنیازی گۆڕینی هەر ئەندامێکی دەستەی جێبەجێکار، لە بەرکەوتی خۆی، بکات بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.
و) بە هەماهەنگی دەستەی جێبەجێکار؛ ئامادەکردنی ڕێککەوتننامەکان‌و خستنە بەردەمی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە مەبەستی پێداچوونەوەو پەسندکردن.
ز) جێبەجێکردنی هەموو ئەو بڕیارو ڕێسایانەی کە لەئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە دەردەچن.
ح) هەر بابەت‌و پرسێك، پەیوەست بە ناوخۆی (ی.ن.ك) یاخود کوردستان‌و عیراق، کۆدەنگی لە دەستەی سەرۆکایەتی لەسەر نەبوو، لەماوەی (٧) ڕۆژدا لە دانیشتنێکی نائاسایی دەستەی جێبەجێکار یەکلایی دەکرێتەوە.
ط) لە ئەگەری یەکلانەبوونەوەی بابەتی جێناکۆك؛ بڕیاری سەرۆکی دەستەی قەوارەی (ی.ن.ك)؛ دوای پێداچوونەوە لەلایەن ناوەندی کاروباری یاساییەوە، یەکلاکەرەوە دەبێت.
ي) دەستەی سەرۆکایەتی دوو هەفتە جارێك، بە ئامادەبوونی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
ك) لەسەر داوای سەرۆك/سکرتێری حزب، یاخود دوو ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی (دوو کارگێڕانی ناوەندەکان)، دەبێت دەستەی سەرۆکایەتی کۆبووەنەوە ئەنجام بدات.
ل) گەرەنتی (ضامن)ـی جێبەجێکردنی هەموو ئەو بڕیار و ڕێسایانە دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە دەردەچن.
م) پەسندکردنی پلان و بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان کە لە لایەن دەستەی جێبەجێکارەوە ئامادە دەکرێ.

**دووەم:** هەر یەك لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی/ناوەندی کارگێڕی (سەرۆك/سکرتێری حزب و کارگێڕەکان)، نوسینگەیەکی تایبەتی خۆی دەبێت کە پەیوەست دەبێت بە بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی دەستەی جێبەجێکار.

**چوارەم:** جگە لە پێشخستن و گەشەپێدان و هەڵسوڕاندنی کاروباری حزب، ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕانی ناوەندەکان) هیچ کارێکی تر لە دەرەوەی (ی.ن.ك)، حکومی بێت یاخود پەرلەمانی، ناگرنە ئەستۆ، دەبێ تەرخان (متفرغ) بن تەنیا بۆ کاری حزبی.

**پێنجەم:** لە کاتی لەکار نەمان یان وازهێنان، یاخود دابڕانی هەر ئەندامێکی دەستەی سەرۆکایەتی بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ لەسەر یەك بەبێ مۆڵەت و پاساو، لە دانیشتنێکی تایبەتی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیدا، ئەندامێتی دەستەی سەرۆکایەتی لە دەستدەدا، لە هەمان دانیشتندا؛ ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە هەڵبژاردن شوێنەکەی دەگرێتەوە.

**شەشەم:** لەکاتی پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی حزب و دوای خستنەڕووی پاساوە یاساییەکان، بە دەنگی (٣/٢) ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، ئەندام/ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕ/کارگێڕەکان) متمانە لەدەست دەدات/دەدەن و بەو ڕێکارانەی لە پەیڕەودا هاتووە، بە هەڵبژاردنی ئەندام/ئەندامانی دیکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی شوێنەکەی/شوێنەکانیان پڕ دەکاتەوە/دەکەنەوە.

## ماددەی (٤٣)

**یەکەم:** مەرجەکانی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان (کارگێڕانی ناوەندەکان)؛ هەمان ئەو مەرجانەن کە لە ماددەی (٤١) چل و یەکی ئەم پەیڕەودا هاتوون جگە لە بڕگەی (أ).

**دووەم:** نابێت تەمەنی ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕانی ناوەندەکان) لە (٣٥) ساڵ کەمتر بێت.

# بەشی شەشەم
# دەستەی جێبەجێکار، ئەرك و دەسەڵاتەکان

## دەستەی جێبەجێکار

### ماددەی (٤٤)

**یەکەم:** دەستەی جێبەجێکار پێکدێت لە:

أ) سەرۆکی حزب/سکرتێری حزب (سەرۆك/سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)،

ب) ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی/ناوەندی کارگێڕی کە لە ماددەی (٣٨)ـی ئەم پەیڕەودا هاتووە.

ج) لێپرسراوی ناوەندەکانی کاروبار، کە پێدێن لە:

١) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن و هەرێمەکان،

٢) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری دیراسات و توێژینەوەی ستراتیژی،

٣) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان ،

٤) لێپرسراوی ناوەندی داراییو ئیدارەی گشتی،

٥) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری هەڵبژاردن و ئامار و ڕاپرسی،

٦) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری ڕاگەیاندنو میدیا،

٧) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکان،

٨) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری حکومەت و پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.

**دووەم:** لە هیچ بارێکدا، ژمارەی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار زیاد ناکرێن.

**سێیەم:** لانیکەم لە (٢٥٪) لە سەدا بیستو پێنجی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار ژن دەبن.

**چوارەم:** دەستەی جێبەجێکار دەبێ ڕەنگدانەوەی نوێنەرایەتی جوگرافی شارو ناوچەکان بێت و پێویستە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لەکاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار؛ بەشێوەیەکی هاوسەنگ بەرکەوتەکان لەبەرچاو بگرێ.

### ماددەی (٤٥)

**یەکەم:** سەرجەم ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار کە لە ماددی (٤٤/یەکەم/برگەی/جـ) ئاماژەیان بۆ کراوە، لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی؛ (٣٠) سی ڕۆژ دوای کۆنگرە، بەشێوەی تاك و ڕاستەوخۆی نهێنی، بەزۆرینەی سادەی دەنگی ئامادەبووان، هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار سەرپەرشتی ناوەندەکانی کاروبار دەکەن.

## ئەرکو دەسەڵاتەکانی دەستەی جێبەجێکار

### ماددەی (٤٦)

**یەکەم:** دەستەی جێبەجێکار بەرپرسە لە جێبەجێکردنو بەدواداچوونی بڕیارو ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیو دەستەی سەرۆکایەتی.

**دووەم:** جێبەجێکردنی پلانو بەرنامەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنە گشتییەکان.

**سێیەم:** دامەزراندنی بۆردێکی ڕاوێژکاری لەکەسانی پسپۆڕو شارەزا بۆ سوود وەرگرتن لەتواناکانیان لەکاتی پێویستدا.

**چوارەم:** پێشنیازکردنی بودجەی ساڵانەی ئۆرگانو دامودەزگا پەیوەندارەکان بەدەستەی جێبەجێکار و بەرزکردنەوەی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی.

**پێنجەم:** دەستەی جێبەجێکار بەرپرسە لەبەڕێوەبردنی ئەم ئۆرگانانەی خوارەوە:

أ) ناوەندی کاروباری ڕێکخستن و هەرێمەکان،

ب) ناوەندی کاروباری دیراسات و توێژینەوەی ستراتیژی،

ج) ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان ،

د) ناوەندی داراییو ئیدارەی گشتی،
ه) ناوەندی کاروباری هەڵبژاردن و ئامار و راپرسی،
و) ناوەندی کاروباری راگەیاندنو میدیا،
ز) ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکان،
ح) ناوەندی کاروباری حکومەت و پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.

**شەشەم:** پلەی رێکخراوەیی لێپرسراوی هەر ناوەندێك، لێپرسراوی ناوەند دەبێت.

**حەوتەم:** بەرنامەی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

**هەشتەم:** جگە لە دەسەڵاتەکانی ئەم ماددەیە، دەستەی جێبەجێکار ئەو دەسەڵاتانەی تر بەڕێوەدەبات کە لەم پەیڕەوەدا پێی دراوە.

**نۆیەم:** جگە لە پێشخستن و گەشەپێدان و هەڵسوڕاندنی کاروباری حزب، ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار هیچ کارێکی تر لە دەرەوەی (ی.ن.ك)، حکومی بێت یاخود پەرلەمانی، ناگرنە ئەستۆ، دەبێ تەرخان (متفرغ) بن تەنیا بۆ کاری حزبی.

## ماددەی (٤٧)

**یەکەم:** دەستەی جێبەجێکار ئۆفیسێکی کارگێڕی دەبێت بۆ هەڵسوڕاندنی کاری دەستەکە، پێکدێ لە:

أ) لێپرسراوی ئۆفیسی کارگێڕی پلەی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەبێت کە لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

ب) ستافێکی پسپۆرو شارەزای خاوەن توانستی کارگێڕیو یاسایی، کە زمانە زیندووەکان بزانن‌و ژمارەیان لە (٥) پێنج ئەندام تێپەڕ نەکات.

**دووەم:** لێپرسراوی ئۆفیسی کارگێڕی لە سەرجەم کۆبوونەوەکانی دەستەی جێبەجێکار بەشدار دەبێت، مافی دەنگدانی نابێت.

**سێیەم:** دەستەی جێبەجێکار دەبێت هەردوو هەفتە جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی بکات.

**چوارەم:** لەسەر داوای سەرۆك/سکرتێری حزب، یاخود سێ ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی، دەستەی جێبەجێکار کۆبوونەوەی نائاسایی دەکات.

**پێنجەم:** لەسەر داوای سێ لێپرسراوی ناوەندەکان، کۆبوونەوەی دەستەی جێبەجێکار ئەنجام دەدرێ.

## ماددەی (٤٨)

**یەکەم:** ناوەندی کاروبارەکان، لە (٣) ئەندامی ناوەندی پێکدێن، بەمشێوەیە:

أ) پاڵێوراوانی ئەندامانی ناوەندیی کاروبارەکان، دوای پۆلینکردنیان لە دەستەی جێبەجێکار، لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی متمانەی کارکردن وەردەگرن.

ب) دوای پەسندکردنی ئەندامانی ناوەندی برگەی (أ)ـی ئەم ماددەیە، فەرمانی کارگێری و دەستبەکاربوونیان لە لایەن سەرۆك/سکرتێری حزبەوە بۆ دەردەچێت.

**دووەم:** ئەندامانی ناوەندیی کاروبارەکان دەبێ پسپۆڕ بن لە بواری کاری ناوەندەکانیان.

**سێیەم:** دیاریکردنی ئەندامانی ناوەندەکانی کاروبار بە پاڵاوتن دەبێت.

**چوارەم:** دیاریکردنی کاندیدی ئەندامانی ناوەندەکانی کاروبار بە پێشبڕکێ و خاڵبەندی دەبێت.

**پێنجەم:** دانانی ئەندامانی ناوەندەکانی کاروبار بە ڕەچاوکردنی بەرکەوتی دابەشبونی جوگرافی دەبێت.

**شەشەم:** دەبێ لە ماوەی (٤٥) چل و پێنج ڕۆژی دوای هەڵبژاردنی ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار، ئەندامانی ناوەندەکانی کاروبار دیاری بکرێن.

**حەوتەم:** مەکتەبەکانی کاروباری ناوەندەکان لە (٣-٥) ئەندامی مەکتەب پێکدێن.

**هەشتەم:** ئەندامانی مەکتەبەکانی کاروبار بەهەمان ڕێکاری برگەکانی (دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم)ی ئەم ماددەیە دەبێت.

**نۆیەم:** دەبێ ئەندامانی مەکتەبی کاروباری پەیوەندییە عیراقی و دەرەکیەکان لانیکەم زمانی عەرەبی و ئینگلیزی (یاخود زمانێکی زیندوو) بزانن.

# بەشی حەوتەم

# دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)/ئەنجومەنی باڵای دانایان، دەستەی باڵا

## دەستەی پاراستنی قەوارەی (ی.ن.ك)/ ئەنجومەنی باڵای دانایان

### ماددەی (٤٩)

**یەکەم:** بە هەماهەنگی دەستەی جێبەجێکار و چاودێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لە ماوەی (٤٥) چلو پێنج رۆژ دوای کۆنگرە، پێکهێنانی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)/ئەنجومەنی باڵای دانایان لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، ئەندامانی خولی پێشووی سەرکردایەتی و ئەندامانی خولی پێشووی ئەنجومەنی ناوەندی، لەو ئەندامانەی کە لە کۆنگرەدا خۆیان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی کاندید ناکەنەوە.

ئەرك‌و دەسەڵاتی دەستەی پاراستنیی (ی.ن.ك) بریتی دەبێت لە:

- أ) پێشنیازکردن‌و دەربڕینی بۆچوونیان دەربارەی پرۆژە یاسا بۆ فراکسیۆنی (ی.ن.ك) لە پەرلەمانی کوردستان‌و عیراق لەرێی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە.
- ب) پێشنیازکردنی رێسا بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.
- ج) پێشکەشکردنی راسپاردە لە چوارچێوەی راوێژی سیاسی دەربارەی پێشهاتە سیاسییەکانی پەیوەست بەکاروباری (ی.ن.ك).
- د) دابەشکردنی خەڵات‌و رێزلێنان دوای ئەوەی لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتی بڕیاری لێ دەدرێ.
- ه) ناوەندگیری بۆ ئەو گرفت‌و کێشانەی رووبەرووی هەڤاڵانی (ی.ن.ك) دەبنەوە بە ئامانجی نەهێشتن‌و رێگرتن لە دروستبوونی قەیرانی سیاسی‌و رێکخراوەیی ناو ریزەکانی (ی.ن.ك).
- و) پێشنیازکردنی رێکارەکانی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانەی دەگەنە خاڵی بنبەست‌و چەقبەستن بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە ئامانجی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی (ی.ن.ك)‌و جوڵاندنیان لەرێی دەستەی سەرۆکایەتی‌و دەستەی جێبەجێکارەوە.

**دووەم:** دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)/ئەنجومەنی باڵای دانایان بارەگایەکی سەربەخۆی دەبێت لەو شوێنەی کە خۆیان بە راوێژ هەڵیدەبژێرن لە هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)/ئەنجومەنی باڵای دانایان جێگرێك و بڕیاردەرێك لە نێو ئەندامانی خۆی‌و لە کۆبوونەوەی یەکەمیاندا هەڵدەبژێری بۆ سەرپەرشتیکردنی کۆبوونەوەکان‌و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك).

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری یاسایی، راستەوخۆ بە سەرۆکی پاراستنی سیاسیی (ی.ن.ك) گرێدراو دەبێت.

**پێنجەم:** لە ئەگەری روودانی بەریەککەوتنی نێوان ئۆرگانەکان، یاخود دروستبوونی قەیرانێکی سیاسی ناوخۆیی، دوای پێداچوونەوەی رێکارەکان لە لایەن ناوەندی کاروباری یاساییەوە، بڕیاری سەرۆکی دەستەی پاراستنیی (ی.ن.ك)؛ یەکلاکەرەوە دەبێت.

**شەشەم:** سەرۆکی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)، پارێزەری گشتی (ی.ن.ك) دەبێت لە بەرزترین ئاستدا.

**حەوتەم:** ئەندامانی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) نابێت هیچ کارێکی دیکەی حزبی و حکومی و پەرلەمانیان هەبێت.

**هەشتەم:** نابێت تەمەنی ئەندامانی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) لە (٤٠) چل ساڵ کەمتر بێت.

**نۆیەم:** ئەو ئەندامانەی لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان بۆ کراوە ئەگەر خۆیان لە کۆنگرە بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵبژێرن مافی ئەندامبوون بۆ دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) لەدەست دەدەن.

**دەیەم:** ئەندامانی نیازمەند بۆ دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان بۆکراوە، دەبێ بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بە نوسراوێکی واژۆکراو نیازمەندی خۆیان بۆ دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) نیشان بدەن و پێشوەخت رایبگەیەنن کە خۆیان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی کاندید ناکەن، بە پێچەوانەوە بڕگەی نۆیەمی ئەم ماددەیە دەیانگرێتەوە.

## دەستەی باڵا (پێکهاتە، ئەرك و دەسەڵاتەکان)

### ماددەی (٥٠)

**یەکەم:** دەستەی باڵای (ی.ن.ك)؛ باڵاترین ئۆرگانی بەرەنگاربوونەوەی قەیران و پێشهاتە سیاسی ناوخۆیی و دەرەکییەکانە، وێرای باری نائاسایی ناو حزب.

**دووەم:** دەستەی باڵای (ی.ن.ك) پێکدێت لە:

أ) سەرۆکی دەستەی پارستنی (ی.ن.ك)/ئەنجومەنی باڵای دانایان ،

ب) سەرۆك/سکرتێری حزب (سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)،

ج) سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.

**سێیەم:** لەکاتی پێویست و لەسەر داوای هەر ئەندامێك لە دەستەی باڵا، دەستەی باڵا کۆبوونەوە دەکات.

**چوارەم:** سەرۆکی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)، سەرۆکی دەستەی باڵای (ی.ن.ك) دەبێت.

**پێنجەم:** دەستەی باڵای (ی.ن.ك) ئەم ئەرك و دەسەڵاتانەی دەبێت:

أ) دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی پاراستنی (ی.ن.ك)،

ب) دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی،

ج) دروستکردنی هەماهەنگی نێوان ئۆرگانە باڵاکانی ناو (ی.ن.ك)،

د) ئامادەکردنی رێککەوتن و هاوپەیمانیەتییە سیاسییەکان و پێشنیازکردنیان بۆ دەستەی جێبەجێکار،

**شەشەم:** بڕیاری سەرۆکی دەستەی باڵا (کە سەرۆکی پاراستنی قەوارەی "ی.ن.ك"ـە) لە ناوەندگیری بۆ گرفتو کێشەکانی (ی.ن.ك)، یەکلاکەرەوە دەبێت.

**دەیەم:** هەر دوو مانگی جارێك کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی دەکات.

یازدەم: لەکاتی گەشت یاخود ئامادەنەبوون، یان لەکارنەمانی سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، سەرۆکی دەستەی قەوارەی (ی.ن.ك) تا هەڵبژاردنی سکرتێرێکی دیکەی نوێ بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەپێی ئەو رێکارانەی لە ماددەی (٣٠) ئەم پەیڕەوەدا، شوێنی دەگرێتەوەو کاروباری ئەنجومەن هەڵدەسوڕێنێ.

# بەشی هەشتەم
# ناوەندەکانی کاروبار، سەرکردایەتی هەرێمەکان

## ناوەندەکانی کاروبار، ئەرك و دەسەلاتەکان

### ماددەی (٥١)

**یەکەم:** ناوەندەکانی کاروباری (ی.ن.ك) پێکدێن لە:

أ) ناوەندی کاروباری رێکخستن و هەرێمەکان،

ب) ناوەندی کاروباری دیراسات و توێژینەوەی ستراتیژی،

ج) ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان ،

د) ناوەندی  دارایی و ئیدارەی گشتی،

ه) ناوەندی کاروباری هەڵبژاردن و ئامار و راپرسی،

و) ناوەندی کاروباری راگەیاندن و میدیا،

ز) ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکان،

ح) ناوەندی کاروباری حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.

ط) ناوەندی چاودێری دارایی و ئیدارەی گشتی، کە راستەوخۆ گرێدراوی سەرۆکی حزب دەبێت.

ي) ناوەندی کاروباری یاسایی (ی.ن.ك) کە تەنیا لە بەردەم سەرۆکی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك) بەرپرسیارە.

**دووەم:** جگە لە ناوەندی چاودێری دارایی و ئیدارەی گشتی و ناوەندی کاروباری یاسایی، لێپرسراوی ناوەندەکانی سەرەوە، لە برگەی (أ-ح) ئەندامی دەستەی جێبەجێکار دەبن.

### ماددەی (٥٢)

**یەکەم:** لێپرسراوی سەرجەم ناوەندەکانی ماددەی (٥١) لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن.

**دووەم:** لێپرسراوی سەرجەم ناوەندی کاروبارەکان و ئەندامانی دەستەی جێبەجێکاری ماددەی (٥١) و سەرجەم لێپرسراوی مەکتەب و کاروبارەکان، جگە لە کاری حزب، هیچ کارێکی دیکەی پەرلەمانی، یاخود حکومی ناکەن و دەبێ کاتی خۆیان بۆ گەشەپێدانی ئۆرگانەکانیان تەرخان بکەن و (متفرغ) بن.

### ماددەی (٥٣)

**یەکەم:** ناوەندەکانی ماددەی (٥١)، دەبێت پەیڕەوی کار بۆ رێکخستنی کاروبارەکانیان دابنێن، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

**دووەم:** هەر ناوەندێکی کاروبار کە لە ماددەی (٥١)دا هاتووە،  دەبێ پلانی پێشخستنی بواری ئۆرگانەکەی هەر (٦) شەش مانگ جارێك پێشکەشی سەرۆکی حزب بکات.

**سێیەم:** ناوەندەکانی ماددەی (٥١)، لە (٣) ئەندام پێکدێن بەناوی (ئەندامی ناوەندی)ـەوە کە پلە رێکخراوەییەکانیان لە سەرووی ئەندام (مەکتەب و کاروبار)ـەوەیە، کە:

أ)  مافـو ئەرکـو چالاکییەکانیان لە پەیڕەوی کاری ناوەندەکە دیاری دەکرێت.

ب) دانانی ئەندامانی ناوەندەکان بە پالاوتن و پیشبڕکێ دەبێت لەسەر بنچینەی بەرکەوت و دابەشبوونی جوگرافی.

ج) پاڵێوراوانی پیشبڕکێی ئەندامانی ناوەندی دەبێ لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی پەسند بکرێن.

**چوارەم:** سەرجەم مەکتەبەکانی کاروباری ناوەندەکانی ماددەی (٥١) لە (٥-٧) ئەندامی مەکتەبی کاروبار پێکدێن،  کە:

أ)  مافـو ئەرکـو چالاکییەکانیان لە پەیڕەوی کاری ناوەندەکە دیاری دەکرێت.

ب) دانانی ئەندامانی مەکتەبـو کاروبار بە پالاوتنو پیشبڕکێ دەبێت لەسەر بنچینەی بەرکەوتو دابەشبوونی جوگرافی.

ج) پاڵێوراوان بۆ ئەندامانی مەکتەبـو کاروبار بە پیشبڕکێ دەبێت کە ناوەندەکان بە چاودێری دەستەی سەرۆکایەتی دەستنیشانیان دەکاتو لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیش پەسند دەکرێن.

د) ئەندمانی کاروبارو مەکتەبەکان دەبێ پسپۆرو شارەزای بوارەکانی خۆیان بن.

**ماددەی (٥٤)**

لەکاتی لەکار نەمان، یان وازهێنان، یاخود لەکار دابڕانی لێپرسراوی ناوەندەکان و هەر ئەندامێکی دەستەی جێبەجێکار لەبەر هەر هۆکارێك کە لە (٤٥) چل و پێنج رۆژ زیاتر بێت، لە ماوەی (١٥) رۆژدا، پاش ئاگادارکردنەوە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی شوێنەکەی پڕ دەکاتەوە.

**ماددەی (٥٥)**

دوای دوو ساڵ لە دەست بەکاربوونیان، هەڵسەنگاندن بۆ ئەدای ئەندامانی سەرۆکی حزب و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی (کارگێڕانی ناوەندەکان)و ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار، لێپرسراوی مەکتەب و لێپرسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە دەکرێ. ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بۆی هەیە بە پێی رێکارەکانی ئەم پەیڕەوە، گۆڕانکارییان تێدا بکات. کە دەشێت جارێکی تر متمانە لە ئەنجومەن وەربگرنەوە.

## ناوەندی کاروباری رێکخستن و سەرکردایەتی هەرێمەکان

**ماددەی (٥٦)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری رێکخستن و سەرکردایەتی هەرێمەکان؛ بەرزترین دەسەڵاتی رێکخستنە، ئەرکی بەڕێوەبردنی سەرجەم ئۆرگانەکانی رێکخستنو دانانی نەخشەی گشتی رێکخستن دەبێت لەسەر ئاستی سەرجەم سەرکردایەتی هەرێم (پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان).

**دووەم:** ناوەندی کاروباری رێکخستن و سەرکردایەتی هەرێمەکان؛ ئەنجومەنێکی باڵای رێکخستنی دەبێت کە پێکدێت لە:

أ) لێپرسراوی ناوەندی کاروباری رێکخستن و سەرکردایەتی پارێزگاکان.

ب) لێپرسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان).

**سێیەم:** ناوەندی کاروباری رێکخستن و سەرکردایەتی هەرێمەکان پێکدێ لە (٩) بەش، هەر بەشەی لێپرسراوێکی دەبێت کە دەبێ شارەزاییو پسپۆڕیان لە کاری رێکخستن هەبێتو لانیکەم (١٥) ساڵ لە بواری رێکخستندا کاریان کردبێت.

**چوارەم:** مافو ئەركو چالاکییەکانی برگەی (سێیەم)ـی ئەم ماددەیە لە پەیڕەوی کاری ناوەندەکە دیاری دەکرێت.

**پێنجەم:** دانانی لێپرساوی بەشەکانی ناوەندی کاروباری رێکخستن و هەرێمەکان کە لە برگەی (سێیەم)ـی ئەم ماددەیەدا هاتووە بە پاڵاوتنو پێشبڕکێ دەبێت لەسەر بنچینەی بەرکەوتو دابەشبوونی جوگرافی.

**شەشەم:** پاڵێوراوانی پێشبڕکێی لێپرسراوی بەشەکانی ناوەندی کاروباری رێکخستن کە لە برگەی (سێیەم)ـی ئەم ماددەیەدا هاتووە دەبێ لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی پەسند بکرێن.

**حەوتەم:** ناوەندی کاروباری رێکخستن و هەرێمەکان بۆ رێکخستنی کاروباری ئۆرگانەکانی خۆی لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاو ناحیە پەیڕەوی کاری خۆی دەبێت.

**هەشتەم:** پەیکەری رێکخراوەیی ناوەندی کاروباری رێکخستن و هەرێمەکان پێکدێ لە: ئەنجومەنی هەرێم (سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان)، بازنەی دەڤەر (لەسەر ئاستی قەزا)و بازنەی ناحیەکان (کۆمیتە).

**نۆیەم:** بەشەکانی ناوەندی کاروباری رێکخستن پێکدین لە:

أ) کاروباری رێکخستنی هەرێمەکان.

ب) چاودێریو هەڵسەنگاندن.

ج) ئامارو راپرسیو هەڵبژاردن.

د) بەڕێوەبردنو دارایی.

ه) راگەیاندن.

و) توێژینەوەو هۆشیاری.

ز) پەیوەندییەکان.

ح) کاروباری هاوڵاتیان.

ط) ڕێکخراوەکان.

## سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان)

### ماددەی (٥٧)

**یەکەم:** سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) بەرزترین دەسەڵاتی ڕێکخستنە لەسەر ئاستی سنوری جوگرافیای هەرێمەکان (پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان)، ئەرکی بەڕێوەبردنی سەرجەم ئۆرگانەکان و دانانی نەخشەی گشتییە بۆ گەشەپێدانی (ی.ن.ك).

**دووەم:** سنورەکانی چالاکی و هەڵسوڕاندنی کاروبار و ئەرکەکانی ڕێکخستن و ڕێکخراوەیی (ی.ن.ك) بۆ حەوت ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارەهاوشیوەکان؛ بە ناوی سەرکردایەتی هەرێمی (هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، بادینان (دهۆك، موسڵ، شەنگال)، گەرمیان/گەرمەسێر، شارەزوور، ڕاپەڕین) دابەش دەکرێ.

**سێیەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان پێکهاتەی سەرەکی ناوەندی کاروباری ڕێکخستن و هەرێمەکان دەبن.

**چوارەم:** سەرکردایەتی هەرێم (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان)، پێکدێ لە:

أ) لێپرسراوی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێم (ئەنجومەنی سەرکرادیەتی پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان) پلەی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەبێت، کە لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، لە ئەندامانی پارێزگاکە هەڵدەبژێردرێ.

ب) یەك جێگر کە لەناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا هەڵدەبژێردرێ و سەرپەرشتی بەشەکانی سەرکردایەتی هەرێم (ئەنجومەنی سەرکرادیەتی پارێزگا) دەکات.

ج) لێپرسراوی مەڵبەندی دەڤەری قەزا.

د) (١٠) دە بەش بۆ جێبەجێکردنی کاروباری حزبی لە سنوورەکە، هەر بەشێك لێپرسراوێکی دەبێت.

ە) چوار بازنە (شاربەند)ـی ناوەندی شار بۆ (باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا)ـی شار.

و) وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵ لە سەر لیستی پارێزگا.

ز) ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و عیراق لە سەر لیستی پارێزگا.

ح) پارێزگار یان جێگری پارێزگار لە لیستی (ی.ن.ك).

ط) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا یاخود جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.

ي) سەرۆك یاخود جێگری فراکسیۆنی پارێزگا لە لیستی (ی.ن.ك).

ك) قائیماقامی ناوەندی شار لە لیستی (ی.ن.ك).

ل) سەرۆکی یەکە ئیدارییەکانی سنوری پارێزگا لە لیستی (ی.ن.ك) کە پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت.

**پێنجەم:** ئەندامانی بڕگەی (چوارەم)ـی خاڵەکانی (جـ، د، هـ) لە چوارچێوەی کۆنفرانسی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان) هەڵدەبژێردرێن.

**شەشەم:** ئەنجومەنی مەڵبەندی دەڤەری قەزا و ناحیە لەسەر شێوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێم (ئەنجومەنی سەرکرادیەتی پارێزگا) پێکدەهێندرێ.

**حەوتەم:** ناوەندی شار دابەشی چوار بازنە (شاربەند)ـی (باکور، باشور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا) دەکرێ، بەمشێوەیە:

أ) هەر بازنەیەك (شاربەندێك)؛ لە ژمارەیەك ناوەندی دەنگدانی هەڵبژاردنە گشتییەکان؛ پێکدێنێ.

ب) لێپرسراوی هەر بازنە (شاربەند)ێك ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگا دەبێت.

**هەشتەم:** لە چوارچێوەی پەیڕەوی کارەوە، پەیکەری ڕێکخراوەیی سنووری سەرکردایەتی هەرێم (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) بەمشێوەی خوارەوە ڕێکدەخرێ:

أ) بازنەی کۆڵان، بازنەی بلۆکبەند، بازنەی گەڕەك، بازنەی شاربەند.

ب) ئەندامی کارا و ئەندامی باڵا ئەنجومەنی گەڕەك پێکدێنن.

**نۆیەم:** لێپرسراوانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان دەبێ لەو ئەندامانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵبژێردرێن کە لە خودی نوێنەرایەتی جوگرافیای پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان سەرچاوەی گرتووە.

**دەیەم:** لێپرسراوی هەرێمەکانی بڕگەی (دووەم)ـی ئەم ماددەیە، بێ مافی دەنگدان، دەتوانن لە کۆبوونەوەکانی دەستەی جێبەجێکار ئامادە بن.

**دەیەم:** هەموو سەرکردایەتیەکی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) دەتوانن بەپێی پێویست، بەش بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان پێك بێنن و پەیڕەوی کار بۆخۆیان دابنێن، بەشەکانیش بریتی دەبن لە:

أ) بەشی رێکخستن،
ب) بەشی دارایی‌و ئیدارە،
ج) بەشی شەهیدان‌و پێشمەرگەو تێکۆشەرو زیندانیانی سیاسی‌و دێرینەکان‌و کەمئەندامانی سەنگەر،
د) بەشی پەیوەندییەکان،
ه) بەشی ئامار و راپرسی و هەڵبژاردن،
و) بەشی رێکخراوەکان،
ز) بەشی هەڵسەنگاندن و بەدواداچوون،
ح) بەشی حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنە خۆجێییەکان،
ط) بەشی میدیا و هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران،
ي) بەشی وەرزش و هونەر و فەرهەنگی گشتی.

**یازدەم:** ئەرکی بەشەکان بەمشێوەیە دابەش دەبێ:

أ) بەشەکانی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) لە لێپرسراو و یاریدەدەرێك پێکدێت.
ب) لێپرسراوی بەشەکان بە هەڵبژاردن لە ئەنجومەنی سەرکرایەتی هەرێمەکان دیاری دەکرێن.
ج) هەر بەشێك لە (٣) ئەندام پێکدێت کە ئەرکەکانیان بەسەردا دابەش دەکرێ و ئەندامانی بەش لەسەر بنەمای پسپۆری و پیشەیی لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکانەوە دەپاڵێورێن و دەستەی جێبەجێکار بەپێی رێکارەکانی ئەم پەیڕەوە پەسندی دەکات.

**دوازدەم:** کاری حکومەت و حزب وەك یەك پێکهاتە لە دەسەڵاتی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) دەبێت.

**سێزدەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەر هەرێمێك (پارێزگا و ئیدارەیەکی هاوشێوە) تەنیا یەك بارەگای سەرەکی دەبێت.

**چواردەم:** لەسەر ئاستی دەڤەری قەزا و ناحیەکان یەك بارەگای سەرەکی دەبێت کە هەمان پێکهاتەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکانی دەبێت.

**پازدەم:** هەڵبژاردنی ئەندامی کارا لە کۆڵانی گەڕەکێك، لە نێوان ئەندامەکانیاندا، هەڵدەبژێردرێ.

**شازدەم:** سەرجەم وەزیر و پەرلەمانتار و پلە تایبەتییەکانی حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ لە پشکی (ی.ن.ك) ئەندامی راستەوخۆ ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەغدا و دەرەوە دەبن و دەبێ ئەرك و پابەندبوونی رێکخراوەیی و ئۆرگانی خۆیان لە چوارچێوەی کاری ئەنجومەنەکە رێکبخەن.

## ماددەی (٥٨)

**یەکەم:** ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان) هەر سێ مانگ جارێك کۆنفرانسێکی وەرزی ئەنجام دەدەن بە بەشداربوونی گشت ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو دەڤەری قەزاو ناحیەکان، سەرۆك‌و لێپرسراوی یەکە ئیدارییەکانی بەشی (ی.ن.ك) لە سنوورەکە، ئەنجومەنی پارێزگا، وەزیرانی دانیشتوی سنوری پارێزگا، ئەندامانی پەرلەمانی (ی.ن.ك)دانیشتووی سنووری پارێزگاکە، گشت راوێژکارو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی بەشی (ی.ن.ك) لە سنوری پارێزگاکە.

**دووەم:** ئامانج لە بڕگەی (یەکەم)ـی ئەم ماددیە؛ پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن‌و خستنەرووی پێداویستییە هەنووکەییەکانی (ی.ن.ك)ـی (حزبی‌و حکومی)و هاوڵاتیانی سنوورەکە دەبێت، وێرای دانانی میکانیزم‌و مەودایەکی زەمەنی بۆ بەدواداچوون‌و جێبەجێکردنی ئەو سکاڵاو پێشنیازانەی ئاراستەی سەرکردایەتی شار دەکرێن.

## ناوەندی کاروباری دیراسات و توێژینەوە ستراتیژی

**ماددەی (٥٩)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری دیراسات و توێژینەوەی ستراتیژی پێکدێت لە (٣) سێ کاروباری ناوەند، هەر کاروباری ناوەندێك ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێ، کاروبارەکان لە (٣-٥) ئەندام پێکدێن (بە پلەی ئەندام مەکتەب)؛ کە بریتین لە:

أ) کاروباری زانیاری و بانکی هەڵگرتن و ئەرشیف و لێکۆڵینەوە،
ب) کاروباری ئەکادیمیا و پێگەیاندنی کادیران،
ج) کاروباری ستراتیژیو توێژینەوەو هۆشیاریو روناکبیری گشتی.

**دووەم:** ئەرکی ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی بریتی دەبێت لە ئامادەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری و دۆسێی توێژینەوەی ئەکادیمی و زانستی، بە تایبەتی توێژینەوەی سیاسی و هەڵسەنگاندنە گشتییەکانی سەرجەم رایەڵبەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

**سێیەم:** پێویستە ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی مانگانە راپۆرت و خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ پێشهات و پێشبینییە سیاسییەکانی کوردستان و عیراق و دەوروبەر و جیهان بخاتە بەردەم سەرۆکی حزب.

**چوارەم:** خولی بەردەوامی پێگەیاندنی کادیران دەکاتەوە و بەپێی پلەبەندی ئۆرگانی خولەکان تا ئاستی ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی رێکدەخات.

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی ساڵانە کۆنفرانسێکی گشتی بۆ سەرجەم بەش و کاروبارەکانی دەبەستێت.

**پێنجەم:** لێپرسراوی ناوەندی کاروباری دیراساتی ستراتیژی، ئەندامی دەستەی جێبەجێکار دەبێت کە لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

## ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان

**ماددەی (٦٠)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان پێکدێت لە کاروباری (٤) چوار مەکتەب، هەر مەکتەبێك ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن، جگە لە مەکتەبی رێکخستنەکانی درەوە، هەر مەکتەبێك لە (٥-٧) ئەندام مەکتەب پێکدێن.

مەکتەبەکان بریتین لە:

أ) مەکتەبی کاروباری خانمان و ژنان،
ب) مەکتەبی کاروباری گەنجان،
ج) مەکتەبی پێشمەرگە و شەهیدان و تێکۆشەران و زیندانیانی سیاسی،
د) مەکتەبی هاوڵاتیان و کاروباری کۆمەڵایەتی و پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان،
ه) مەکتەبی رێکخستنەکانی دەرەوە و رەوەندی کوردستانی.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان بە شێوەیەکی پیشەیی کاروبارەکان رێکدەخات.

**سێیەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان ساڵانە کۆنفرانسێکی گشتی بۆ سەرجەم بەش و کاروبارەکانی دەبەستێت.

**پێنجەم:** لێپرسراوی ناوەندی کاروباری مەکتەبەکان، ئەندامی دەستەی جێبەجێکار دەبێت کە لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

**شەشەم:** مەکتەبی رێکخستنەکانی دەرەوە و رەوەندی کوردستانی لە (٧-٩) ئەندام پێکدێت، هەر ئەندامێك کاروباری چەند وڵاتێك دەگرێتە ئەستۆ.

## ناوەندی کاروباری دارایی‌و ئیدارەی گشتی

**ماددەی (٦١)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی لە (٣) سێ کاروباری ناوەند پێکدێت، هەر کاروباری ناوەندێك؛ ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن، کاروبارەکان لە (٣-٥) ئەندام پێکدێن (بە پلەی ئەندام مەکتەب)؛ کە بریتین لە:

أ) کاروباری داهاتی گشتی،

ب) کاروباری خەرجییە گشتییەکان،

ج) کاروباری موڵکایەتی و سامانی نەگواستراوە.

**دووەم:** ئەرکی ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی بریتی دەبێت لە دامەزراندن و پەرەپێدانی پرۆژەی ئابوری و سەرچاوەی داهات بۆ (ی.ن.ك).

**سێیەم:** پێویستە ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی ئاگاداری سەرجەم داهات و موڵك (گواستراوەو نەگواستراوە)و خەرجییەکانی (ی.ن.ك) بێت.

**چوارەم:** لە مانگی کانونی یەکەمدا، ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی راپۆرتی دارایی ساڵانەی خۆی لە رێی دەستەی جێبەجێکارەوە، پێشکەش بە سەرۆك/سکرتێری حزب دەکات.

**پێنجەم:** ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**شەشەم:** ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی دەبێ سەرجەم موڵکە نەگواستراوەکان (املاك غیر منقولة) کە بەناوی کەسەکانەوەن، بە رێکارێکی یاسایی بگوازێتەوە سەر موڵکی گشتی (ی.ن.ك) وەك قەوارە و پێکهاتەی سیاسی.

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی ساڵانە کۆنفرانسێکی گشتی بۆ سەرجەم بەش و کاروبارەکانی دەبەستێت.

**پێنجەم:** لێپرسراوی ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی، ئەندامی دەستەی جێبەجێکار دەبێت کە لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

## ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن

**ماددەی (٦٢)**

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن لە لایەن ئەندامێکی دەستەی جێبەجێکارەوە سەرپەرشتی دەکرێت.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن پێکدێ لە دوو کاروباری ناوەند، هەر کاروبارێکی ناوەند ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن، کاروبارەکان لە (٣-٥) ئەندام پێکدێن (بە پلەی ئەندام مەکتەب)؛ کە بریتین لە:

أ) کاروباری ئامارو راپرسی.

ب) کاروباری هەڵبژاردن.

**سێیەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری ئامارو راپرسی‌و هەڵبژاردن خولی وەرزی لە پەیمانگای کادیران دەکاتەوە بۆ راهێنانی کادری پیشەیی بواری هەڵبژاردن.

**پێنجەم:** ساڵانە دوو جار ئامارێکی گشتی، لە هەڵکشان و داکشانی دەنگەکان و روپێوی گشتی دەنگدەران و ئاراستەکانیان دەخاتە بەردەم سەرۆك/سکرتێری حزب و سکرتێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.

**شەشەم:** سیاسەتە گشتییەکانی پێشخستنی ئاستەکانی دەنگدان‌و گلدانەوەی بە قازانجی (ی.ن.ك) لە شێوەی توێژینەوەی ئەکادیمی دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی.

**حەوتەم:** لە سەرجەم کۆنفرانسە کوردستانیو عیراقیو هەرێمیو دەرەکییەکان بە چەند نوێنەرێك بەشدار دەبێت بۆ ئاگاداربوون لە کارە هونەرییەکانی پێشخستنی بوارەکانی هەڵبژاردن.

## ناوەندی کاروباری راگەیاندنو میدیا

### ماددەی (٦٣)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری راگەیاندنو میدیا پێکدێت لە دوو کاروباری ناوەندی، هەر کاروباری ناوەندێك ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن، کاروبارەکان لە (٣-٥) ئەندام (بە پلەی ئەندام مەکتەب)؛ پێکدێن کە بریتین لە:

أ) کاروباری بەخش و بڵاوکردنەوە (بینراو، بیستراو، نوسراو).

ب) کاروباری تۆڕەکانی نێتو سۆشیاڵ مێدیاو رۆژنامەو چاپەمەنییەکانی.

**دووەم:** لێپرسراوی ناوەندی کاروباری راگەیاندنو میدیا وتەبێژی فەرمی دەستەی جێبەجێکار دەبێت.

**سێیەم:** ناوەندی کاروباری راگەیاندنو مێدیا، پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆ.

**چوارەم:** بۆ پێشخستنی رەوتەکانی مێدیاو گەشەپێدانی گوتاری راگەیاندنو گەیاندنی سیاسەتو ئامانجەکانی (ی.ن.ك)، کۆنفرانسی ساڵانە دەبەستێت.

**پێنجەم:** ئەرکی یەکخستنی سەرجەم کەناڵو سەرچاوەکانی راگەیاندنی (ی.ن.ك)ی لە ئەستۆدایە تەرخانکردنی بەشێك بۆ میدیای عەرەبیو ئینگلیزی.

**شەشەم:** ناوەندی کاروباری راگەیاندن و میدیا کار دەکات لەسەر یەکخستنی کەناڵ و گوتاری راگەیاندنی ئاراستەکراو، وێڕای بەرزکردنەوەی ئاستی راگەیاندنی (ی.ن.ك) لە رووەکانی هونەری (تەکنیکی) و دیزاین و ئامادەکردنی کادری پیشەیی و پسپۆر؛ بە شێوەیەك کە بتوانێ رکابەرێکی بەهێز بێت بەرامبەر بە راگەیاندنەکانی تر.

**حەوتەم:** لێپرسراوی ناوەندی کاروباری راگەیاندن و میدیا، ئەندامی دەستەی جێبەجێکار دەبێت کە لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

## ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)

### ماددەی (٦٤)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك) پێکدێت لە سێ کاروباری ناوەند، هەر کاروباری ناوەندێك ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن، کاروبارەکان لە (٣-٥) ئەندام پێکدێن (بە پلەی ئەندام مەکتەب)؛ کە بریتین لە:

أ) کاروباری پەیوەندییە کوردستانییەکان،

ب) کاروباری پەیوەندییە عیراقییەکان،

ج) کاروباری پەیوەندییە دەرەکییەکان.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکان، پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**سێیەم:** بۆ تاوتوێکردنی ئەرکەکانو دانانی نەخشەی گونجاو بۆ پێشخستنی پەیوەندییەکانی (ی.ن.ك)، کۆنفرانسی ساڵانە دەبەستێت.

**چوارەم:** ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکان بەرپرسە لە دروستکردنی لۆبی بۆ سیاسەتە گشتییەکانی (ی.ن.ك) و بەرزکردنەوەی ئاستەکانی متمانەی ئاڵوگۆڕی نێوان پارتە سیاسییەکان و دۆزینەوەی هاوپەیمانی نوێ و بەهێزکردنی پێگەی (ی.ن.ك) لەسەر ئاستی پەیوەندی گشتی نێوان پارتە سیاسییە کوردستانی و عیراقییەکان، وێڕای کارکردن بۆ ناساندنی خواست و داواکاری نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**شەشەم:** ناوەندەی کاروباری پەیوەندییەکان کار دەکات بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەشی کوردستانی بۆ سەرجەم پرس و بابەت کوردستانییە جێبایەخەکان بە ئامانجی یەکڕیزی نیشتمانی و دروستبوونی گوتارێکی نەتەوەیی یەکگرتوو.

**حەوتەم:** لێپرسراوی ناوەندی کاروباری پەیوەندییەکان، ئەندامی دەستەی جێبەجێکار دەبێت کە لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێ.

## ناوەندی کاروباری حکومەتو پەرلەمان

### ماددەی (٦٥)

**یەکەم:** ناوەندی کاروباری نوێنەرانی (ی.ن.ك) لە حکومەتو پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان پێکدێت لە کاروباری ناوەند. هەر کاروباری ناوەندێك ئەندامێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی بەرپرسی دەبێت کە لە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێن. کاروبارەکان لە (٣-٥) ئەندام پێکدێن (بە پلەی ئەندام مەکتەب)؛ کە بریتین لە:

أ) کاروباری حکومەتی هەرێمو فیدراڵ.
ب) کاروباری پەرلەمانی هەرێمو فیدراڵ.
ج) کاروباری ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری حکومەتو پەرلەمان، پەیڕەوی کار بۆ خۆی دادەنێت، بەمەرجێك لێکدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك).

**سێیەم:** بۆ تاوتوێکردنی ئەرکەکانو دانانی نەخشی گونجاو، کۆنفرانسی ساڵانە دەبەستێت.

## ناوەندی کاروباری چاودێری دارایی

### ماددەی (٦٦)

**یەکەم:** ئاماژە بە ماددەی (٥١/یەکەم/ط)ـی ئەم پەیڕەوە، ناوەندی کاروباری چاودێری دارایی راستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە سەرۆك/سکرتێری حزب.

**دووەم:** ناوەندی کاروباری چاودێری دارایی لە چوارچێوەی سێ کاروباری ناوەند ئەرکەکانی خۆی رێکدەخات، هەر کاروبارێك لە (٣-٥) ئەندام پێکدێن (بە پلەی ئەندام مەکتەب)؛ کە بریتین لە:

أ) چاودێری کاروباری داهاتی گشتی،
ب) چاودێری کاروباری خەرجییە گشتییەکان،
ج) چاودێری موڵکایەتی و سامانی نەگواستراوە.

**سێیەم:** لێپرسراو و ئەندامانی بڕگەکانی (أ، ب، ج)ـی دووەمی ئەم ماددەیە، دەبێت پسپۆڕی بواری خۆیان بن کە بە هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە دیاری دەکرێن و سەرۆك/سکرتێری حزب فەرمانی کارگێڕیان بۆ دەردەکات.

**چوارەم:** لێپرسراوی ناوەندی چاودێری دارایی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی دەبێت کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی هەڵدەبژێردرێت.

**چوارەم:** لێپرسراوی ناوەندی چاودێری دارایی و لێپرسراوی کاروبارەکانی ناوەندەکە و ئەندامانی کاروباری چاودێرییەکانی بڕگەکانی (أ، ب، ج)ـی دووەمی ئەم ماددەیە دەبێ کەسانی خاوەن ئەزمون و شارەزا و پسپۆڕی چاودێری و وردبینی بن.

**پێنجەم:** ئەرکی ناوەندی کاروباری چاودێری دارایی بریتی دەبێت لە وردبینیو بەدواداچوونو هەڵسەنگاندنی ژمێریاری سەرجەم ئۆرگانەکانی (ی.ن.ك).

**شەشەم:** کاروباری ناوەندی چاودێری داراییو ئیدارەی گشتی بە ئاگاداری لێپرسراوی ناوەندەکەو بێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختو لە ناکاو دەتوانن سەردانی سەرجەم ئۆرگانەکان بکەنو پەڕاوە ژمێریارییەکان وردبینی بکەن.

**حەوتەم:** ناوەندی چاودێری دارایی بەرپرسە لە چاودێریکردن و دڵنیابوون لە کۆکردنەوە و تۆمارکردنی داتای سەرجەم موڵکە گواستراوەو نەگواستراوەکانی (ی.ن.ك) لە ناوەوە دەرەوەی وڵات.

**هەشتەم:** بە ئاگاداری سەرۆك/سكرتێری حزب، یاخود ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی و لەرێی ناوەندی كاروباری یاسایی (ی.ن.ك)ەوە دەسەڵاتی جوڵاندنی هەر كەیسێكی یاسایی هەیە كە پەیوەست بێت بە بەركەوتە یاساییە داراییەكانی (ی.ن.ك) لە هەر شوێنێك بێت.

**نۆیەم:** لە ئەگەری تێوەگلان و پشبەست بە بەڵگە بەردەستەكان، دەتوانێ دۆسێی گەندەڵی دارایی بۆ هەر هەڤاڵێك بكاتەوە لە هەر ئاستێكدا بێت.

**دەیەم:** دەسەڵاتی دامەزراندن و دانان و گواستنەوە و دیاریكردنی پلە و ناونیشانی كادرانی بواری دارایی و وردبینی هەیە بەپێی پێویستی ئۆرگانەكان.

**یازدەم:** راپۆرتی وەرزی و ساڵانە دەداتە سەرۆك/سكرتێری حزب.

## ناوەندی كاروباری یاسایی

### ماددەی (٦٧)

**یەكەم:** ناوەندی كاروباری یاسایی (ی.ن.ك)ـە، ئەركی سەرەكی لێكدانەوە (تەفسیركردن)ـی دەقەكانی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك)و سەرجەم پەیڕەوی كاری ناوەندی كاروبار و ئۆرگانە جیاوازەكانە، وێرای:

أ) بەدواداچوون و لێپرسینەوەی یاسایی بۆ ئەو كێشانەی ڕووبەڕووی ئەندامان و ئۆرگان و دامەزراوەكانی (ی.ن.ك) دەبنەوە.

ب) جوڵاندنی دەعوا و لێپێچینەوەی یاسایی لە ناوخۆ و دەرەوەی (ی.ن.ك).

ج) بەدەنگەوەچوونی هەر پێشێلكارییەك لەسەر ماف و موڵكەكانی ئەندامانی (ی.ن.ك).

**دووەم:** ناوەندی كاروباری یاسایی (ی.ن.ك) دامەزراوەیەكی سەربەخۆی حزبییە، تەنیا لەبەردەم سەرۆكی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)؛ بەرپرسیارە.

**سێیەم:** لە ئەگەری لەكار نەمان، یاخود دابڕانی سەرۆكی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)، یاسایی تەنیا لەبەردەم سكرتێری ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی بەرپرسیار دەبێت.

**سێیەم:** ژمارەی ئەندامانی ناوەندی كاروباری یاسایی (٧-٩) حەوت-نۆ ئەندام دەبێت، بەپێی پسپۆری یاسایی و ئەزموونی درێژخایەنەوە؛ كە لانیكەم (١٠) ساڵی بەردەوام ئەزموونی كاری یاساییان هەبێت، و لە لایەن ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی دیاری دەكرێن و سەرۆك/سكرتێری حزب فەرمانی كارگێڕیان بۆ دەردەكات.

**چوارەم:** لەكاتی دەرچوونی فەرمانی كارگێڕی و دەستبەكاربوون، لەبەردەم سەرۆك/سكرتێری حزب سوێند دەخۆن كە دەقەكەی بە ڕێسایەك لە ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتییەوە دەردەكرێ.

**پێنجەم:** ناوەندی كاروباری یاسایی بۆی هەیە لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان نوێنەری هەبێت.

**شەشەم:** لێپرسراوی ناوەندی كاروباری یاسایی (ی.ن.ك) دەبێت شارەزا و پسپۆری كارەكەی بێت.

**حەوتەم:** لێكدانەوەی ناوەندی كاروباری یاسایی (ی.ن.ك) بۆ هەر گرفت یاخود دەقێك لە نێوان دوو لایەنی ناكۆك و لێكدژی ناو (ی.ن.ك)، یەكلاكەرەوە دەبێت.

**هەشتەم:** بڕیار لە ناوەندی داواكاری (ی.ن.ك) بە زۆرینەی رەها دەبێت.

**نۆیەم:** كۆبوونەوەی ئاسایی ناوەندی كاروباری یاسایی بە زۆرینەی سادە دەبێت.

**دەیەم:** دەسەڵاتی جوڵاندنی هەر بابەت و كەیسێكی لە سەر ئاستی حكومی و حزبی هەیە كە پەیوەست بێت بە ئەندام و ئۆرگانە جیاوازەكانی (ی.ن.ك).

**یازدەم:** چاودێری جێبەجێكردنی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ك)و ڕێساكانی ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی دەكات.

**دوازدەم:** بڕیارەكانی یەكلاكردنەوەی تێكهەڵچوونە جیاوازەكانی ناو (ی.ن.ك) لە ناوەندی كاروباری یاسایی مایەی تێهەڵچوونەوە نین و پابەندی بۆ سەرجەم ئەندام و ئۆرگانەكانی (ی.ن.ك) هەیە.

**سێزدەم:** پەیڕەوی كار بۆ خۆی دادەنێت بە مەرجێك لێكدژ نەبێت لەگەڵ پەیڕەوی (ی.ن.ك)و لە لایەن ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتییەوە پەسند دەكرێ.

**چواردەم:** ماوەی كاركردنیان تا كۆنگرەی داهاتوو دەبێت و ئەنجومەنی سەركردایەتی گشتی دەتوانێ نیوەی ئەندامانی هەڵبژێرێتەوە.

**پازدەم:** پلەو مافی ئەندمانی ناوەندی کاروباری یاسایی، هاوشێوەی ئەندامانی ناوەندی کاروبارەکان دەبێت.

# بەشی نۆیەم
# کۆڕبەندی سیاسیی نیشتمانی، حوکمە کۆتاییەکان

## کۆڕبەندی سیاسیی نیشتمانی

### ماددەی (٦٨)

**یەکەم:** یەکێتی نیشتمانی کوردستان ساڵانە فۆرومێکی سیاسی نیشتمانی (National Policy Forum) کۆنفرانسێکی گشتی ئەنجام دەدات، کە دەستەی جێبەجێکار ئامادەکاری بۆ دەکات.

بەشداربوانی بریتی دەبن لە:

أ) تێکڕای ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی (دەستەی باڵا، سەرۆك/سکرتێری و دەستەی سەرۆکایەتی، لێپرسراوانی ناوەندەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، ئەندامانی دەستەی پاراستنی (ی.ن.ك)، لێپرسراوانی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان و جێگرەکانیان، لێپرسراوی مەکتەب و کاروباری ناوەندەکان، بەشەکانی سەرجەم ناوەندەکان، بەشەکانی سەرجەم کاروباری ناوەندەکان، سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگاو ئیدارە هاوشێوەکان).

ب) سەرجەم پەرلەمانتارانی (ی.ن.ك)لە هەرێمو فیدڕاڵ.

ج) سەرجەم وەزیرەکانی (ی.ن.ك) لە هەرێمو فیدڕاڵ.

د) سەرجەم سەرۆك/سکرتێری و لێپرسراوی یەکە ئیدارییەکانی لیستی (ی.ن.ك) لە گشت پارێزگاکان.

**دووەم:** ئامانجی ئەم کۆڕبەندییە (فۆڕوم) بریتییە لە داڕشتنو هەڵسەنگاندنی هێڵە گشتییەکانی ستراتیژو بەرنامەی کاری سیاسی (ی.ن.ك)و خستنەرووی پڕۆژەو پێشنیازەکان بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتیو دەستەی باڵاو دەستەی جێبەجێکار بە مەبەستی بەرجەستەکردنیان بەشێوەیەکی کردەیی.

**سێیەم:** کارو چالاکی ساڵێکی سەرجەم ئۆرگانە بەشداربووەکان بە راپۆرتێك لەو کۆڕبەندییە پێشکەش دەکرێ.

## حوکمە کۆتاییەکان

### ماددەی (٦٩)

سەرجەم ئەندامانی دەستەی جێبەجێکار لە رێگەی پێشکەشکردنی (CV)ەوە لە لایەن ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە دیاری دەکرێن.

### ماددەی (٧٠)

بەپێی رێسایەك کە لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە، دوای کۆنفرانسە ناوخۆییەکانی سەرکردایەتی هەرێمەکان (پارێزگا و ئیدارە هاوشێوەکان) دەردەچێت، سەرجەم ئەو کادیرانەی کە لە مەکتەب و مەڵبەند و ناوەند و ئۆرگانەکانی پێشوودا پلەی رێکخراوەییان هەبووە، یاخود بەرپرسی ئۆرگانەکان بوونە و دەرفەتی دەرچوونەوەیان نەبووە لە کۆنفرانسەکان، لە سنوری هەرێم (پارێزگا) و قەزا و ناحیەی خۆیان لە چوارچێوەی ناوەندەکانی راوێژ و کاروباری هاوڵاتیان رێکدەخرێنەوە، یاخود بەوشێوەیە رێکدەخرێنەوە کە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی لە چوارچێوەی رێساکەیدا رێکارەکانی دیاری دەکات.

### ماددەی (٧١)

بە چاودێری ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتی، ناوەندی کاروباری دارایی و ئیدارەی گشتی، سیستەمی موچە بۆ سەرجەم ئۆرگان و کادران و کارمەندانی ئۆرگانەکان رێکدەخاتەوە، بەشێوەیەك کە دادپەروەری تێدا بێت و پلە و ساڵانی خزمەت و خاڵبەند و باری خێزانی تێدا رەچاو کرابێت.

**ماددەی (٧٢)**

پلەی ڕێخکراوەیی تەنها بۆ ئۆرگان دەبێ.

**ماددەی (٧٣)**

پشبەست بە ماددە و بڕگەکانی ئەم پەیڕەوە، وێڕای پەیڕەوی کاری ئۆرگانی، سەرجەم کار و ئەرکە ئۆرگانییەکانی (ی.ن.ك) بە ڕێسای تایبەت لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی گشتییەوە ڕێکدەخرێن.

**ماددەی (٧٤)**

هەر بڕیارێك پێچەوانەی ئەم پەیڕەوەبێت، کاری پێناکرێت.

**ماددەی (٧٥)**

ئەم پرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆییە پاش پەسندکردنی بەدەنگی (٣/٢)ی دوو لەسەر سێی کۆنگرە، جێبەجێدەکرێت. پاش پەسندکردن، سەرجەم ئەندامان پابەند دەبن بە پەیڕەوکردنو جێبەجێکردنیەوە.

**ماددەی (٧٦)**

ئەم پرۆگرامو پەیڕەوە ناوخۆییە، لەبەر ئەوەی پەسندکراوی چوارەمین کۆنگرەیە جێبەجێ دەکرێت.

**پشتبەست بە پڕۆژەی ئەنجومەنی ناوەندی**
**ئەم پڕۆژەیە لە لایەن لیژنەی باڵای پەیرەوی ناوخۆ**
**راسپێردراو لە لایەن مەکتەبی سیاسی ئامادەکراوە**
**نۆڤێمبەر/کانونی یەکەمی ٢٠١٩**